# یەکبوون

UNITED KURDISTAN

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون


سەرماوەزی ٢٧١١ی کوردی | یەکبوون ژمارە ٢٠ | November : 2011


## شۆڕشی ئاگری داغ (ئارارات) جووڵانەوەیەک لە ناو جەرگەی شارەوە بۆ ناو سەختی شاخ ١٩٣٠ - ١٩٣٢

ئا.بەختیار مام حەمید

بۆ لاپەڕەی ... ٢

## کورتە سەرنجێک لە خەباتی ژنانی ئێران لە ١٠٠ساڵی رابردوو

کوێستان فتوحی

بۆ لاپەڕەی ٥



## کۆرتە مێژووی شاری سلێمانی

بۆ لاپەڕەی ٨

## یادێک لە مامۆستا سیوە هونەرمەندی مەقامزانی کورد

بۆ لاپەڕەی ٧

## منداڵان

بۆ لاپەڕەی ١٣

## تەندروستی

بۆ لاپەڕەی ١٤

## وتەی زانایان

بۆ لاپەڕەی ١٥

## پەندی پێشینیان

بۆ لاپەڕەی ١٦




## رۆژژمێری کوردستان

بۆ لاپەڕەی ١٧


گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون ، گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە لە ئامادە و بڵاو کردنەوەی رەحمان نەقشی

# شۆڕشی ئاگری داغ (ئارارات) جوڵانەوەیەک لە ناو جەرگەی شارەوە بۆ ناو سەختی شاخ,!

## ١٩٣٠ - ١٩٣٢

ئا.بەختیار مام حەمید

ئەم شۆڕشە لە گرنگترین هەوڵ و تەقەلاکانی خەڵکی ستەمدیدە و ئازادیخوازی کوردستانە بۆ رزگار بوون لە زوڵم وزۆری کەمالیەکانی تورکیا,و سەربەخۆ بوون,ئەم جوڵانەوە و بزاوتە مەزنە لە چوارچێوەی بەرنامەکانی (جڤاتا ولاتێ کوردا)واتە خۆیبوون دا پەرەی سەندو ,خۆیبوونە شاری یەکان(مەبەستم شاری و لادێ نیە )شاخ و چیای ئاراراتی گەورەیان(ئاراراتی گچکەش هەیە)کردە مەڵبەندی شۆڕش وئیحسان نوری(لە ساڵی (١٨٩٢)لە گەڕەکی،ئالی کولی،لە شاری بدلیس یان بەتلیسی باکوری کوردستان لە دایک بوە و لە ساڵی(١٩٧٥) لە تەمەنی ،٨٣،ساڵیدا بە ڕووداوی ماتۆڕسکیل گیان لە دەست ئەدات و لە گۆڕستانی،بەهەشتی زەهرا،لە دەوروبەری تاران بە خاک ئەسپێردرێ،،حەمەکەریم عارف لە لاپەڕەی١٠١-ی کتێبی مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵکی کوردی ئیحسان نوری دا،لە سەر ژیانامەکەی نوسیوێتی لە (١٨٩٣)لە دایک بوە و لە (١٩٧٦) کۆچی کردوە، ئیحسان نوری لە لایەن کوردەکانەوە ناسناوی پاشای وەرگرت)ئەندامی کۆمەڵەکە کرایە سەرپەرشتیاری یەکەمی شۆڕشە لە بەر ڕۆشنایی ڕێنمانییەکانی (خۆیبوون)دا,ئەم شۆڕشە لە ساڵی (١٩٣٠)دەستی پێکرد ،کۆمەڵێک ئامانجی گەورەی دەستەبەر کرد و ئاڵای کوردستان هەڵکرا(پێئەچێت هەمان ئەم ئاڵای کوردستانەی ئێستا بوو بێت بەڵام پێشەوا قازی موحەمەد پتر ناساندی چونکە بە فەرمی کردیە ئاڵای کۆماری کوردستان) هەروەها بۆ زیاتر هەنگاو هەڵگرتن بەرە و سەرکەوتن هەر لەو چیایە(ئارارت)حکومەتێکی گچکە بنیاتنراو ئیش و کارەکانی بە جوانی بە ڕێوە ئەبرا,بیستنی ئەم هەواڵانەی شۆرش و بێدەنگ بوونی هەردوو دەوڵەتی دژە کورد(توکیا و ئێران)زۆر ئەستەم بوو بۆیە ئەوان (تورکیە و ئیران)یش کەوتنە خۆیان و دەماری کەس جگە لە من مرۆڤ نیەیان هەستا,دوای چەند ڕوداووێکی گرنگ (ان شاالله دواتر باسی ئەکەین)و زۆر هەوڵ و تەقەلا بۆ سەرگرتنی شۆڕش، بەڵام سەرەنجام لە مانگی تەموز(٧)ی (١٩٣٢)وەک کاری هەمیشەییان بۆ دژایەتی کورد هەردوو تورکیە و ئیران ڕێکەوتن نامەیەکیان مۆر کرد بۆ داخستنی سنورەکانیان بە ڕووی شۆڕشەکەی ئاراراتدا بە داخەوە ئەم جارەش گەلی چاوەڕێی ئازادی ,نەوەی ئیبراهیمی سەروەر,کوردی خێر لە خۆ نەدیو ئە م هیوا ئەم چرا,ئەم ئومێدەشی نەما، و خۆرەتاوی ڕزگاری ئەم جارەش بووەوە بە شەو ، شەوی یەڵدا نەخێر زیاتر شەوی درێژی بە بێ خەو ,بە دەست تێکەڵکردنی هەردوو دوژمن شۆڕشەکە تواتیەوە،،



ئێمە شەری ئازادی ئەکەین هەزاران وڵاتی بە ناو ئازادی خواز لێمان دێنە گۆو بە یاخی ناومان ئەبەن,ئەگەر پێویستیان پێمان بێت نەوەی سەلاحەدینین ئەگەریش نا نەوەی جنۆکە و دێوی داوێن پیسین، ئاخر ئێمە سوچ(تاوان)مان چیە؟!! مینە جافی شاعییر ئەیەژێت(ئەی فەلەک بۆ کورد کوری تۆی کەشت برای تۆی سەر بڕی،؟ قاپی کەعبەی شکاند یان پەردەی بەیتی(ماڵی خوا)دڕی،؟ بۆ لە هەر لایێ بە ئاوی چاوی خویناوی جگەر ،غونچەیەکی ئارەزوم بڕوێ بە ناکام ئەیبڕی.؟؟)بێگومان گەر بمانەوێت باسی شۆڕشی ئاگری داغ(ئارارت)بکەین ئەبێت باسی (جڤاتا وڵاتێ کوردا)خۆیبوونیش بکەیین ئەگەر نا باسەکەمان زۆر کەم و کورت دەر ئەچێت،،!!

### وتەیەک لە مەڕ دیرۆکی (جڤاتا وڵاتێ کوردا)خۆیبوون،,١٩٢٧-١٩٤٦

ئەگەر خوازیار بین سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی تەواو یان گەشەی بەر چاوی (ناسیۆنالیزم)و نەتەوە گەرایی کوردی دروست بکەین یا دەستنیشان بکەین بێ شک پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی خۆیبوون چونکە ئەم ڕێکخراوە لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیری یەوە چەمک(مەفهوم)ی نەتەوی بۆ تاکەکانی کورد شیکردەوە و پێناسەی دروستی بۆ ئەم چەمکە دانا,(مەبەستان بۆ کوردە ئەگینا چەمکی نەتەوە پێناسەی تایبەتی خۆی هەیە) ,هەرەوها (خۆیبوون)هەڵقولاوی ناو دەروون و ناخی کوڵاوی خەڵکی کوردستان بوو,هەر بۆیە کەم تا زۆر لە هەموو دەڤەرەکانی کوردستاندا هەوادارو لایەنگری هەبووە,.گەلی کورد هەستی بەوە کردبوو کە (خۆیبوون) داواکاری بێ چەندو چوون و ڕاستەقینەی هێڤی و ئاواتەکانیانە,,ڕەحمەتی عبدالستار تاهیر شەریف ئەڵێت(خۆیبوون,کاریگەی زۆری هەبوو لەسەر کوردستان و وریاکردنەوەی کوردەکان لە ڕووی نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکانی)ئەمەش بۆمان دەرئەخات کە (خۆیبوون) ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری سیاسیی کۆمەڵایەتی بووە، لە بڵاوکراوەی ژمارە(٢)ی خۆیبوونی(١٩٢٨)دا کە بەڕێز نەجاتی عبداللە لە فرانساییەوە وەریگێڕاوە بەم چەشنە باس لە هاتنە بوونی (خۆیبوون)ئەکات و ئەڵێت(مانگی ١٠ ی ١٩٢٧ ڕێبەرو ئەندامانی چوار کۆمەڵەی سیاسی کوردی ، جەمعییەتی تەعالی کوردستان, پارتی نەتەوەیی کورد، کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد و کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد,دوای چەندین کۆبوونەوە(پێئەچێت نزیکەی ٥ ڕۆژی خایاند بێت) ڕۆژی (٥ ی ١٠ ی ١٩٢٧)لە لوبنان (هاوینە هەواری بحەمدون,)یەکەمین کۆنگرەیان بەست و بەم شێوەیە (جڤاتا وڵاتێ کورد،یان،خۆیبوون)لە دایک بوو) ،ئەم یەکبوون و یەکیەتییەی خۆیبوونی هێنایە بوون یەکێکە لە ڕووداوە مێژووییە گرنگەکانی گەلی کورد، (بریا ئێستاش نەک چوار ڕێکخراو بەڵکو دوو حزبی کوردی یەکیان بگرتباو دەست لە ناو دەست تێبکۆشینایە) ,هەروەها محەمەد ڕەسوڵ هاوار لە کتێبی(کورد و باکوری کوردستان)لاپەڕەی(٢٨)دا لەسەر ناوی کۆمەڵێک کەس دواوە کە (٨)کەسن و بە ڕابەرەکانی (خۆیبوون) ناویان ئەبات .کە ئەمانەن(شێخ علی ڕەزای کوڕی شێخ سەعیدی پیران.مستەفا شاهین بەگی بەرازی,حاجۆ ئاغای هەڤیرکی,ئەمین ئاغا,کەریم ڕۆستەمی,مەمدوح سەلیم.جلادەت عالی بەدرخان.د.شوکری سەگبان یان سەگڤان,)بەڵام بڵاوکراوەکەی خودی خۆیبوون ژمارە(٢) ,ناوی (١٤)کەسی وەک کەسایەتی دیارو ناوداری ناو ڕێکخراوەکە هێناوە بەم جۆرە(جلادەت و کامەران وسورەیا بەدرخان, مەمدوح سەلیم, محمەد شەکری سەگبان, ئیحسان نوری(سەرکردەی ئەم شۆڕشەی ئێستا باسی ئەکەین),علی ئیلامی.فەهمی لیجی.حاجۆ ئاغا,ئەمین ڕامان(ئەمین پەریخان) ,موستەفا شاهین,شێخ عبدالرحمان گارسی,بۆزان.ڕەفعەت زادە,)دوای ئەمانەش ناوی ٦ کەسی دیکەی هێناوە وەک گرو تین بەخشی نوێ بە ڕێکخراوەکە کە ئەمانەن(ئەکرەم جەمیل پاشا.قەدری جەمیل پاشا.عوسمانی صەبری.ئەحمەد نافیز زازا,عارف عەباس,شەوکەت زوڵفی)هەروەها محەمەد حەمە باقی لە پەراوێزی لاپەڕە(٥)ی کتێبی (کێشەی کورد مێژینەو ئێستای)م.بلەچ شێرگۆ دا ئەڵێت(محەمەد علی عەونی- بلەچ شێرگۆ - لەگەڵ بەدرخانیەکاندا لە دامەزراندنی کۆمەڵەی (خۆیبوون)دا بەشداری کردوە).هیوا عەزیز لە کتێبی (ناسیۆنالیزمی کوردی ١٨٨٠-١٩٣٩)لە لاپەڕە(١١٢)دا ئەڵێت(خۆیبوون هەوڵی داوە کە گشت دەڤەرو کەسایەتیە کوردەکان ئاگادار بکاتەوە و پەیوەندیان پێوە بکات,لە بەر ئەوە دەبینین پەیوەندی بە

سەرچاوە Serchawe


شێخ مەحموودی حەفیدو شێخ ئەحمەدبارزانی و ئیسماعیل بەگی ئێزدی و......کردوە لە میانەی ئەم چالاکیانەدا لە ساڵی(١٩٢٩)لقێکی ئەم کۆمەڵە لە سلێمانی کراوەتەوە).م.بلەچ شێرگۆ لە کتێوی (کێشەی کورد مێژینەو ئێستای)دا بەم جۆرە باسی بەرنامە و پرۆگرام و ئامانجی (خۆیبوون) ئەکات,..یەکەم,هەڵوەشاندنەوەی هەموو کۆمەڵە کوردیەکان.تا ڕێ خۆش بکات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی گەورەی کوردی ئەم ئامانجە بە جوانی جێبەجێکرا و خۆیبوون بوو بە یەکەم کۆمەڵەی کاریکەرو دیار لەسەر ئاستی کوردستان بە گشتی و باکوری کوردستان بە تایبەت دوور درێژە پێدانی خەبات و شۆڕش لە دژی تورک تا دوا سەربازی تورکی خاکی پاکی کوردستان بەجێئەهێڵێت.....تاد.).خۆیبوون بەردەوام بوو لە کارو چالاکی شۆڕشی ئاگری داغ یەکێک لە گەورەترین چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵەیە,پاشان سەرکەوتنی کۆمۆنیزمەکان بەسەر نازیەکاندا هیوایەکی زۆری بەخشی بە گەلە ژێر دەست و چەوساوەکان بەو پێیەی کۆمۆنیزم و مارکسیزم بانگەشەی یەکسانی و ئازادی و سەربەستی و ڕزگاری بۆ کۆمەڵگای مرۆوایەتی ئەکرد.(کۆمۆنیستەکانیش جگە لەسەر بارکردنی هێندەی تر ئازارو میحنەت و دەردەسەری هیچیان بۆ گەلی بێ نەوای کورد بە خەڵات نەهێنا!!)لەو هەل و مەرجەدا کوردەکان روویان کردە کۆمۆنیزمی و لە ساڵی (١٩٤٥)کۆمەڵەیەکی نوێیان دامەزراند بە ناوی یەکبوون و ئازادی لە بڵاوکراوەکەی خۆیبووندا هاتوە مەبەست لە دامەزراندنی ئەم کۆمەڵە

یەکبوون وئازادی پتر بۆ ئەوە بوو کە خۆیبوون دووچاری پەرت بوون و ئینشیقاق نەبێت و خۆیبوون وئەندامەکانیشی بگرێتە خۆ هەروەها بڵاوکراوەی ناوبراو ئەیەژێت یەکبوون وئازادی لە رووی پێکهاتە و پرۆگرامەوە گەلێک لە خۆیبوونەوە نێزیک بوو. دواجار برێک لە سەرکردەکانی خۆیبوون چوونە ریزی کۆمەڵە تازەکەوە کە ئەکرەم جەمیل پاشا و قەدری جەمیل پاشا بوون. بەم چەشنە کۆمەڵەی خۆیبوونی خاوەن شۆڕش و تێکۆشان و خاوەنی جەماوەری فرە فرە لە ساڵی (١٩٤٦)دا ماڵئاوایی کردو کۆتایی بە خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیری هات, خۆیبوون لە ماوەی نزیکەی ١٩ساڵدا جگە لە چالاکییە سیاسیەکان لە بواری ڕۆشنبیریشدا خزمەتێکی بەرچاویان بەرهەم هێنا,کە هەشت بڵاوکراوەی بە پێزو پایەخدارن و ئەکرێت وەک بەشێکی دیاری مێژووی هاوچەرخی کوردستان تەماشا بکرێن .

هەروەها چەندین مانفێست و بانگەوازنامەی شۆڕش و نامەی گرنگیان بڵاو کردەوە و ئاراستەی کەسایەتیە سیاسیەکانیان کرد لە ناویاندا,بانگەوازی سورەیا بەدرخان لە (١٩٢٩)بۆ حکومەتی ئینگلیز,بانگەواز بۆ شۆڕش لە( ١٩٣٢)دا دیارە ئەم بانگەوازە ئاراستەی گەل کراوە چونکە لە ساتە وەختی شۆڕشی ئارارات(ئاگری داغ)دا بووە نامەیەک لە خۆیبوونەوە بۆ مستەر چەرچڵ لە ساڵی(١٩٤٣)دا،،بۆ زانینی پتر لەم بارەوە بڕوانە کتێبی قەتڵوعامی کورد لە تورکیا نوسینی کۆمەڵەی خۆیبوون,وەرگێڕان و پێشەکی و پەراوێزنوسینی، نەجاتی عبدالله.بڵاوکراوەی ژمارە ٢ی خۆیبوون،،،،،...

## هۆکاری هەڵبژاردنی چیای ئارارت (ئاگری داغ) بۆ شۆڕش

چیا،شاخ، کەژ، کۆ، کێو هەمیشە لانکەی شۆڕشە و پشت و پەنایەکی قایم و تۆکمەیە بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش ئاسا.،کوردستانیش وڵاتێکی شاخاوی و کەژاویە بلاد الجبال،مقاگعە الجبال،ئاخکۆ گەلە کەشی لەبەر ئازایەتی و نەبەردی و قبوڵ نەکردنی ستەم و سەرشۆڕ نەکرد هەردەم هۆگری چیاکان بووە،هەربۆیە (خۆیبوون)،بۆ پەرپاکردن و هەڵایسانی شۆڕش وهەقکردنەوەی ئەو ستەمە نارەوایەی کە تورکە کەمالیەکان لە دوای ڕوخانی شۆڕشی شێخ سەعیدی ١٩٢٥وە دەر هەق بە گەلی بێچارەی کور ئەنجامیاندا بوو، چیایەکی گرنگ و ستراتیجی و سەختی دەست نیشان کرد،ئەو چیایەش (ئارارات ئاگری داغ ئۆرارتو)بوو،ئاگری داغ هەڵکەوتوە لە نێوان سنووری باکورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان،،لە مەڕ گرنگی ئەم چیایەو دیاری کردنی وەک گۆڕەپان و دەڤەری شۆڕش،د.سادق سەعیدی شەرەفکوندی ئەڵێت(هەڵبژاردنی چیای ئارارات ئاگری داغ بۆ ۆڕش ،لە بەر ئەوە بوو لە ڕووی جوگرافییەوە شوێنێکی ئێجگار باش و لە بار بوو بۆ دیارە شەهید شەرەفکەندی مەبەستی ئەوە بوە کە ئەم چیا هەم چڕو سەخت و هەزار بە هەزارە و هەمیش لەسەر سنور"مەرز"ی باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە)!!ئەم چیا لە دوو بەش پێکهاتوە بەشە گەورەکە،کە بە ئارارتی گەورە ناسراوە کەوتوەتە ناو باکوری کوردستانەوە،بەشە گچکەکەشی کەوتوەتە ناو ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە،لەسەر بەرزی و نزمی هەردوو بەشەکە هەندەک ڕای جودا جودا هەیە،لەوانە،محەمەد رەسوڵ هاوار لە کتێوی کوردو باکوری کوردستان بەرگی ٣ لاپەڕە ١٨دا چەند ڕایەکی هێناوە بەم جۆرە (بەرزی ئاراراتی گەورە ٥١٦ م رایەکی تر ٥٢٢٦ م هەروەها ٥١٧٥ م یشی هێناوە،)(بۆ بەرزی ئاراراتی گچکەش ئەم بۆچوونانەی دەرخستوە ٣٩١٤ م بۆچوونێکی دیکە ٣٩٩٦ م )ڕەحمەتی محەمەد ڕەسوڵ هاوار لە کتێبەکەیدا زۆر بە وردی بە دوای سەرچاوە دا گەڕاوە بۆیە فرەژێدەری لە باسەکەیدا بە دیار ئەکەوێت،،،!!پاشان لە نەخشەی کوردستانی گەورەی ساڵی ٢٠٠٣ دا کە سەرچاوەکەی هەردووکتێبی جوگرافیای کوردستان ی هەردوو جوگرافیناس م.کەریم زەند و م.عبدالله غەفورە،هاتوە کە بەرزی ئارارتی گەورە ٥١٣٧ م ە،



## هە وڵی تەڵەکەبازییانە و فرو فێڵی تورکان بۆ قایلکردنی شۆڕشگێڕان!

دیارە تورکە ستەمکارەکان هەرچەند لە زۆربەی کاتەکاندا لە کوردەکان بە دەسەڵاتتر بوون! بەڵام هەمیشە زنۆقیان لە ڕاپەڕین و شۆڕشی کورد،چوو بوو!! چونکە چاک ئەیانزانی کە گەلی کورد هەر لە سەرەتای مێژووەوە بە چاپوک و نەبەرد و قارەمان مەشهورن و هەر کات دەست بکەنە خەبات پەندی یا مردن یا سەرکەوتن جێ بەجێ ئەکەن،هەر بۆیە لەم شۆڕشە ئارارات یشدا هەستیان بە تورەیی کورد کرد بوو بۆیە کەوتنە داواکاری بۆ گفت و گۆ،وە داوایان کرد با کێشەکان بە زمانی نەرم چارە بکرێن تورک نەرمترین زمانیان ئاسنە و سادەترین وشەیان ئاگرە،تورک و گفتو گۆ کوجا مەرحەبا لەم هەلو مەرجەدا شۆڕشگێڕان بە سەرکردایەتی ئیحسان نوری پاشا و بە ڕابەرایەتی کۆمەڵەی خۆیبوون،زۆر بە جوانی لە نیازی گڵاوی تورک گەشتبوون و بە بەڵێنە درۆکانیان فریویان نەخوارد،،دەربارەی ئەو گفتو گۆیانە،محەمەد ڕەسوڵ هاوار لە کتێبی کورد و باکوری کودستان لاپەڕە ٩٥ دا لە د.عەزیز شەمزینی یەوە نەقڵی کردوە بەم جۆرە(حکوکمەتی تورکیا لە سەرەتادا بۆی دەرکەوتبوو کە بە ئاسانی بە شەڕو پەلاماردان شۆڕشەکەی کوردی پێ لە ناو نابرێت بۆیە دەستیکرد بە فرو فێڵکردن داوای لە ئیحسان نوری پاشا کرد، لە مانگی ئەیلولی ١٩٢٨ دا لە شکلی کوپرو شیخلی کوپرو و ساتێک ئیحسان نوری لە گەڵ ئەو وەفدە تورکیەی نێردرا بوو دەستی کرد بوو بە گفتو گۆ کردن بە ئاشکرا بۆی دەر کەوتبوو کە تورکەکان نەیانویستبوو باسی چۆنێتی چارەسەر کردنی کێشەی کوردو داخوازییەکانی میلەتی کورد بکەن و بەڵێنەکانیان بۆ کورد بریتیبوە لە لێخۆشبوونێکی گشتی لێخۆشبوون لە ڕاپەڕیوانی شۆڕشی پیران و ئەم یاخیبووانەی،بە حسابی ئەوان،ئێستا! چونکە حکومەتی کەمالی تورک پێی وابوو ئەگەر میلەتێک داوای مافی سەرەتایی خۆی بکات ئەوە کفری کردوەو ئەبێت حکومەت لێخۆش بێت یان سزای بدات تورکەکان لەو گفتوگۆیانەدا بە هیچ شێوەیەک بە لای چارەسەرکردنێکی بنەڕەتی تەواوی میلەتی کوردا نەچوو بوون بۆیە

سەرچاوە Serchawe

ئەوهاتۆ چۆو گفتو گۆیانە هیچ سودێکی نەبوو!!)بێ گومان ئەگەر ئەم گفتو گۆیانە سەریشی بگرتایە و شۆرششگێران چەکیان دانایە و خۆیان تەسلیم بکردایە هەروەک شەهید کردنەکەی یەزدان شێرعیزەدین شێر بۆتانی لێ ئەقەوما کە لە دوای شۆڕشی( ١٨٥٤ )لە لایەن تورکیەوە بانگکرا بۆ دانوستان بە ڵام بە گەشتنە ئەستەمبوڵی ناوبراو دەست بەجێ شەهید کرا!!!،لەم سەرو بەندەدا ،پ د.جویس بلۆلە کتێبەکەیدا دۆزی کورد ئەڵێت نوینەرانی کورد پێشنیازەکانی دەوڵەتی تورکیایان پەسەند نەکردو حکومەتی تورکیاش پەنای بۆ چەک بردەوە، ئەم قسەیەی د.خاتوو جویس دەریئەخات کە تورک هەمیشە کێشەکانی بە زەبرو زەنگ یەکلا کردوەتەوە!! تورکەکان زانیان فرو فێڵەکانیا بێ ئەنجام و بێ هودەیە بۆیە دەستیان دایە هەمان ڕەفتارە وەحشیگەریەکانیان کە بە رامبەر کورد ئەنجامیان ئەدا،بەمەش ڕاپەڕین نزیک بووەوە!!

## بەرپا بوونی شۆڕش و ڕوداوەکان

لە شاخ واتە ئارارات سوپایەکی گەورەو دامەزراو لە شۆڕشگێرە کوردەکان،دروست کرا،حکومەتێکی کاتی گچکەش بە سەرپەرشتی ئیبراهیم پاشا حسکی تیلۆ یان هسکی تیلو دامەزراو ئاڵای کوردستان لەو دەڤەرە بەرز کرایەوە،ئەم ڕوداوانە زۆر ورەی بە شۆڕشگێڕان بەخشی ،پ،د وەدیع جوەیدە(وەدیع کریستیانێکی عەرەبی عیراقی یە و لە بنەماڵەی ناسراوی جوەیدەیەو لە بەسرە لە دایک بوە) لە کتێبی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد بنەماو پەرەسەندنی دا بە ڕوونی باسی ئەم شۆڕشە گرنگەی کوردی کردوە و ئەڵێت دوای بێ هیوا بوونی تورک لە کوردە ڕاپەڕیوەکان بڕیاری دا بە شەڕ مەسەلەکە یەکلایی بکاتەوە،لە مایۆی(١٩٣٠)دا دوو لەشکری سوپای تورک بە سەرکردایەتی ساڵح پاشا،لە ناوچەکانی نزیک لە ئاگری داغ ئارارات گرد بوونەوە،پەلاماری تورک لە ١١ی ژوونی ١٩٣٠دا بە مەبەستی تێکشکاندنی ئەوهێزە کوردییانەی لە ئارارت کۆببونەوە،دەستیپێکرد،لە ١٥ی هەمان مانگدا هێزە کوردە نەتەوەییەکان دژە هێرشیان لەدەڤەرەکانی، ئیگدیر، ئێردیجش، سیپان داغ، کاگسیمات، شاتاک، وان، بەتلیس، دەستپێکرد،تورکەکان خۆیان لە هەلەمەرجێکی نالەباردا لە هەندێک شوێندا لە بەرامبەر پەلاماری کوردەکاندا بینیەوە بێ شک شۆڕشگێڕانی کورد لە سەرەتاوە وەکو هەموو ڕاپەرینەکانی تر،زۆر بە خێرایی سەرکەوتنیان تۆمار کردوە دڵگەرمی کوردە شۆڕشگێڕەکان وای کرد کەمێک لوتی سوپاکەی تورک بشکێت،ئەوەتا د،وەدیع هەر لەسەر هەمان بابەت باس ئەکات(ئەو حاڵە پەشێوەی کوردەکان بۆ تورکیان دروستکردبوو وایکرد سوپای تورکان دەست لە پەلامار بۆ سەر ئاگری داغ هەڵگرن،تاکو نێوەراستی ژووئێن!!!

ناوە ناوە هیرش و پەلامار لە هەردوو لاوە ئەکرایە سەر یەک لەم دۆخەدا کوژراو و برینداری زۆر وە لەگەڵ زیانی مادی لە هەردوو لا کەوت سەرچاوەکان بەم چەشنە دەیخەمڵێنن-١٧٠٠ دیل لە تورک،٦٠ ڕەشاش و ٢٤ تۆپ و کەلوپەلی دیکەی سەربازی سوپای تورک دەستی بەسەرا گیرا،١٢ فرۆکەی تورک خرایە خوارەوە،٤٠٠٠ بریندار و ٢٨٠٠ کوژراویان هەبوو،هەروەها ٩٠٠ شەهید و ٢٤٠٠ بریندار لە ڕیزەکانی شۆڕشدا هەبوون، بۆ زیانی ماددیش بۆ کوردەکان ئاماژەی بۆ نەکراوە،من پێم وایە لەبەر دوو هۆکارە یەکەم هێزە کوردەکان پتر سەرکەوتو بوون و سەنگەرەکانیان چۆڵ نەکردوە،دووەم شۆڕشگێرانی لە ڕووی مادیەوە کەمێک کز بوون بۆیە ئەگەر لە پەلامارەکاندا شکابیشن هیچی وایان نەبوە تا بە جێی بهێڵن،ڕاپەرین بەردەوام بوو گرەکەی بڵاە بوەوە بۆ دەڤەرەکانی جۆلەمێرگ، سیرت، ماردین، سیڤریک، ئورفە یان ئورفا،ئەم هەوالانەش زیاتر پشتی سوپای تورکی دەشکاند،بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانی بوو ئەم سەرکەوتنانە دوا وچان و دوا تیری کوردکان بوو هەر بۆیە لە دوای ئەمە سوپای تورک بە هێزوو تەوژمێکی زۆرەوە پەلاماری هێزە کوردیەکانیان دا و شۆڕشگێڕانیش سات سات لە دوای وەک ژێدەرەکان ئاماژەی بۆ دەکەن،بەرەو کزی و لاوازی و بێ ورەیی دەچوون،هەندیک سەرچاوە نیشانە بۆ ستەمی کوردە ڕاپەڕیوەکان دەکەن لە تورکەکانی دەڤەرەکانی شۆڕش،بێ گومان ئەمەش کاریگەری خراپی لە سەر کورد هەبوە لە کاتی شۆڕشەکەدا،بە دیار کەوتنی نیشانەی سەرکەوتنی سوپای تورک ئیتر سەربازو جەندرمە تورکەکان هێرشەکانیان خێراتر کردو گەمارۆی هەموو ڕاپەڕیوان دراو دوای چەند بەرگریەکی بێ هوودە سوپای تورک سەرکەوت و شۆڕشگێرە کوردەکانیش هەموو پەرتەوازە بوون،لێشیان شەهید کراو زۆریان بە دیل گیران،لێرەدا ڕاپەرینەکە بێ ئەنجام کۆتایی هات سەرەڕای ئەمە حکومەتی تورکیا هەموو دوای ڕاپەرینەکان کەوتە کوشتن و برین و ئاوارەکردنی خەڵکی بێچارەی کوردستان ،،د.کەیوان ئازاد ئەنوەر ئەڵێت ئەم ڕاپەرینە تا ناوەڕاستی(١٩٣٢)بە ردەوام بوو دواجار هەردوو حکومەتی تورکیەو ئیران ڕێکەوتنامەیەکیان لە دژی ئەم شۆرشە ئیمزا کرد بۆ ئەوەی سنورەکانیان بە رووی شۆڕشگێراندا دا بخەن و هاوکاری یەک بکەن،!!دواتر شۆڕشەکە کۆتایی هات،ستم و زوڵمی تورکیا بەردەوام بوو تا شۆڕشی سەید ڕەزای دەرسیم لە سالی (١٩٣٦)،کوردەکان دیسانەوە ڕقی پیرۆزیان هەستاو دەستیان دایەوە شۆڕش،ئەم شۆڕشەش دەرسیم، دێرسیم بێ ئەنجام توایەوە!!!

## یەک وتەی کورت

باشە جاران ئەگەر بپرسرایە بۆ فڵان شۆڕش و ڕاپەڕین سەرکەوتوو نەبوو؟؟! یەکسەر ئەمە وەڵامە سەرەکیەکە بوو،ئاخر چونکە هەمیشە دوژمنانی گەلی کورد پڕچەک و بە هێز و دامەزراو بوون،! ئیمەش ئەڵێین ڕاستە تا ڕادەیەک وابوو ! عوسمانی و سەفەوی تا توانیان دژایەتیان کردین و سەرکوتیان کردین،دوای ئەمانیش ئینگلیز و فەرەنسا و روسیا و تورکیای نوێ کەوتنە چاو لێزێتکردنەوەمان و وڵاتەکەمانیان بە بەر چاومانەوە وەک گۆشتی خێر لەت لەت و دابەش کرد،ئەو کاتە چەکمان نەبوو تۆکمەو ڕیکخراو نەبووین! بەڵام خۆ ئێستا دنیا دنیای سیاسەتە ، سیاسەتیش بی قەڵەم وەک ماسی وایە بێ ئاو وایە،کوردیش سیاسەتمەداری زۆرە نوینەری لە زۆر وڵات هەیە،ئەی باشە تا کەی چاوەڕێی کەوچکی بێگانە بین تا ژەهری بێ ئاگایمان پێهەڵقوڕێنێ؟ بۆ خۆمان بە دەستی خۆمان دەست پێنەکەین؟؟! بۆ خۆپیشانداان و ڕێپێوان نەکەین لە دژی داگیرکەرانی کوردستان؟ بۆ واژۆ ئیمزا کۆ نەکەینەوە و هاوار بکەین نامانەوێت عیراق، سوریە،تورکیە، ئیران،؟ ئەی بۆ مان نەگرین کاتێک خوشکێک یان برایەکمان بە بێ تاوان،تەنها کوردە ستەمی لێئەکرێت؟ ئەگەر خوازیاری دەوڵەتین بۆ نارژێینە سەرشەقام و بە یەک دەنگ هاوار بکەین و بڵێین بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان و نا بۆ عێراقچێتی،سوریەچێتی،تورکیەچێتی، ئیرانچێتی لانی کەم سەربەخۆیی بۆ باشووری وڵات-؟ ئەگەر بە ڕاستی کوردین ئەی بۆ نەفرەت لە سوپای گورگ و درندەی تورکیا ناکەین کە ڕۆژانە سنورەکانی باشووری وڵاتەکەمان بۆمببارا ئەکات وخەباتکارانی پ ک ک بە تیرۆریست ناو زەند ئەکات؟!! نا ئەمانە هیچیان ناکەین چونکە ئیمە پێمان وایە ئێرە عێراقە و ئەولاش تورکیا،ئەو لا سوریایە و ئولاش ئیران،ئەی کە وایە کوردستان کامەیە؟؟

ئەو خاکەی لە دێر زەمانەوە شەهیدی بۆ دراوە و بە دەیان شۆڕشی بۆ بەرپا کراوە لە کوێیە؟ تا خاوەنی ئەم فکرە بین ئەبێت هەر بڵێین ئەم نانە بەو ڕۆنە،گەل و دەسەڵات وا بخەون حاڵی ئەم گەلە وا بڕوات نەک بۆ پارچەکانی تر بەڵکو ئەم پارچەی هەرێمی باشووریش لە دەست ئەدەین و ئاو بێنەو دەست بشۆ!! تکاتان لێئەکەم با وریا بین

## سەرچاوەکان

١- کوردستان و کورد،ن.شەهید د عبدالرحمان قاسملوو، و،عبدالله حەسەن زادە، ژ.سپاردن(١٩٧)ی ٢٠٠٦ ،چاپ لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات

٢- کورد و باکوری کوردستان، ن.محەمەد ڕەسوڵ هاوار، بەرگ ٣، ژ سپاردن(٥٧٩)یسالی ٢٠٠٧ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە، چاپخانەی کارۆ سلێمانی ٢٠٠٧،

٣- قەتلوعامی کورد لە تورکیا،ن کۆمەڵەی خۆیبوون،و.پ.ن. لە فرانسەییەوە،نەجاتی عبدالله،بڵاوکراوەی ژمارە(٢)ی خۆیبوون،لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین،ژ سپاردن (٩٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ ،چاپخانەی شڤان سلێمانی،

٤- کیشەی کورد مێژیەنە و ئیستای،ن.م بلەچ شێرگۆ، و محەمەد حەمە باقی، چ٣- ١٩٩١ ،کوردستانی عیراق، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی خۆیبوون،

سەرچاوە
Serchawe

٥- دۆزی کورد لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی،ن.پ.د جویس بلۆ، و کارزان محەمەد،لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم زنجیرە(٢٧١)، ژ سپاردن (٣٥٦)ی٢٠٠٤،
٦- جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد بنەماو پەرەسەندنی ، ن پ.د وەدیع جوەیدە، و. ی پ د.یاسین سەردەشتی،چ یەک ٢٠٠٨، ژ سپاردن (٢٢٨٩)ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە، چاپخانەی سیما سلێمانی،
٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ن ئیحسان نوری پاشا، و حەمە کەریم عارف،چ یەک ١٩٩٨، ژ سپاردن (٥٨)ی ١٩٩٨، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،
٨- ناسیۆنالیزمی کوردی ١٨٨٠-١٩٣٩،ن هیوا عەزیز سەعید،لە بڵاوکراوکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی ن ک)ژ سپاردن(١٢٠)ی ٢٠٠٣،
٩- چەردەیەک لە مێژووی کورد،ن کەیوان ئازاد ئەنوەر،چ پێنجەمی ٢٠٠٨، ژ سپاردن (٤٣٣)ی ١٩٩٩ی حکومەتی کوردستانی پێدراوە،چاپ.چاپخانەی رەهەند،
سەرچاوە : کوردستان ٢١

---

# کورتە سەرنجێک لە خەباتی ژنانی ئێران لە سەد ساڵی رابردوو

کۆیستان فتووحی

لە مێژووی خەباتی سەد و چەند ساڵەی ژناندا زۆر پێشکەوتن و گۆڕان لە هەلومەرجی ژناندا لە وڵاتان دا پێک هاتوە و لە زۆر بواردا مافی بەرابەریان لە گەڵ پیاودا بەدەست هێناوە و، لە زۆر بواریش دا کەلێنی هەڵاواردن و نایەکسانییەکان تا رادەیەک کەم بۆتەوە. بەڵام لە هێندێک وڵاتیشدا هەڵاواردنی نارەوا و پێشێل کردنی مافە ئینسانییەکانی ژن هەروا بەردەوامە و ژنان لە هەلومەرجێکی زۆر نالەبار و نایەکساندا ژیان تێپەڕ دەکەن. زۆر ژن لە جیهاندا دەستدرێژییان دەکرێتە سەر، سەنگسار دەکرێن، دەسووتێندرێن، دەکەونە بەر گوللە و چەقۆ و شەقی پیاوانی دەمارگرژی بە ناو نامووس پارێز. تەنانەت لەلایەن دەوڵەتەکانیانیەوە سەرەتاییی ترین مافە ئینسانی و سیاسی و فەرهەنگییەکانیان پێشێل دەکرێن. لە سەر یەک لە هیچ وڵاتیکی دنیا دا بە شێوەی تەواو بوار و هەلومەرج بۆ ژن و پیاو وەک یەک نیە.

### هەلومەرجی ژنان لە ئێران:

ئەگەر ئاوڕێک لە هەلومەرجی ژنانی ئێران لە سەد ساڵی رابردوودا بدەینەوە، دەبێ بگەڕێنەوە بۆ دەورانی شۆڕشی مەشرووتە. ژنانی ئێران لەو شۆڕشەدا بەشدارییەکی چالاکانەیان هەبوو لە دژی ئیستبداد و سەرەڕۆیی رەزا شا. لە دوای سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە، ژنانی وشیار و ئاگای ئەو کاتە خوازیاری مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو بوون لە هێندێک بوار دا و لەم پێوەندییەدا لەم بوارانەوە ئامانجەکانی خۆیان بەرەوپێش دەبرد.
١) خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی هاووڵاتی بوون واتە مافی ئەوەیان هەبێ لە وڵاتدا بتوانن هەڵبژێرن و هەڵبژێردرێن. ٢) خەبات بۆ مافی فێربوون و پەروەردە بۆ ژنان، واتە دامەزراندنی خوێندنگەی کچانە کە لەو سەردەمەدا یەکێک بوو لە خواستە سەرەکییەکانی ژنان. ئەم خواستانە لە لایەن موخالیفانەوە دژایەتییەکی توندی لەگەڵ کرا. بەڵام خەبات و هەوڵەکانی ژنان لەم پێناوەدا رانەوەستا و دواتر بوو بە هۆی دامەزراندنی ئەنجومەنی ژنان و دەرکردنی گۆڤار و بڵاوکراوەی ژنان و دامەزراندنی خوێندنگەی کچانە. بە جۆرێک لە ماوەیەکی کورت دا نزیک بە ٦٠ مەدرەسەی کچانە تەنیا لە شاری تاران دا کرایەوە. ژنان لە شارەکاندا کۆڕ و کۆبوونەوەی جۆراوجۆریان پێک دەهێنا و باسیان لە حەق و حوقووق و سڕینەوەی ستەم لە سەر خۆیان دەکرد. لە بڵاوکراوەکانیشیان دا زۆتر تەئکیدیان لەسەر خوێندنی ژنان دەکردو ژنانیان هاندەدا کە بخوێنن.
بەڵام بەداخەوە قانوونی ئەساسیی مەشرووتە مافەرەواکانی ژنانی لەبەر چاو نەگرت و ژنان هەروا مەحرووم کران لە مافی دەنگدان . عولەمای مەشرووتەخواز دژی خوێندنگەی کچان و مافەکانی ژنان فتوای نائیسلامی بوونیان لەسەر دان. ژنان سەرەڕای بەشداری چالاکانەیان لە شۆڕشی مەشرووتەدا و نەخشیان لە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەدا، دیسانیش لە ئاکام دا بە خواستەکانی خۆیان بە تەواوی نەگەیشتن و مافەکانیان هەروا پێشێل دەکرا. بەڵام لە هەر حاڵ دا خەبات بۆ مافەکانیان لە لایەن ژنانی نوخبەوە هەروا درێژەی کێشا.

### سەردەمی رەزاخان:

لە دەورانی دەسەڵاتی رەزا خان دا، هەر چەند لە رواڵەتدا هێندێک رووداو بە ناوی نوێ گرایی روویان دا کە رەنگە وابێتە بەرچاو لە قازانجی ژنانیش دابووە. بۆ نموونە ژنان لە هێندێک ئیدارەکانی دەوڵەتدا دامەزران. دیارە سیاسەتی رێژیمی رەزاخان لە بارەی دامەزراندنی ژنان لە ئیدارەکاندا زۆر ناعادیلانە بوو. ئەوەیش ئەوە بوو لە هێندێک کاری دیارکراو تێنەدەپەڕی. وەک پەرستاری، مامۆستای قوتابخانە، تایپیستی ئیداراتی دەوڵەتی و هتد. ئەمانەشی بۆیە کرد کە خۆی وەک دەوڵەتێکی مۆدێرن بە دنیا نیشان بدا. بەڵام لە ناوەڕۆکدا سیاسەتی سەرکوت و پیاوسالاری رەزاخان دژی ژنان هەر بەردەوام بوو. ئەنجومەن و بڵاوکراوەکانی ژنان کە لە دوای شۆڕشی مەشرووتەوە سەریان هەڵ دابوو، یان داخران. یان وردەو وردە جێگەیان درا بە رێکخراوە فەرمایشییەکانی لایەنگری دەسەڵات. واتە جموجۆڵ و حەرەکەتە سەربەخۆکانی ژنان نەیانتوانی نەخشێکی ئەوتۆیان هەبێ لە ئاڵوگۆڕ بە قازانجی ژنان.

### دەورانی محەممەد رزا شا:

تا ساڵی ١٩٦٣ ژنانی ئێران مافی بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکانیان نەبوو. لەو ساڵەدا شا فەرمانێکی دەکرد کە بە پێی ئەو فەرمانە ژنانیش وەک پیاوان مافی ئەوەیان هەیە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن. دوای ئینقلابی سپی شا کە بە ئینقلابی شاو خەڵک ناوی دەبرا، هێندێک گۆرانکاری لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لە ئێران بە دەستووری شا روویان دا. پایەکانی ئەو ئینقلابە لە شەش ماددەی سەرکی پێک دەهاتبوو. کە یەکێکیان پێوەندی بە ژنانەوە هەبوو: باش کردنی قانوونی هەڵبژاردن، بە مەبەستی حەقی دەنگدان بۆ ژنان وەک پیاوان بە رەسمی بناسرێ. ئەمە دەسکەتێکی سیاسی بوو بۆ ژنان. کە پێشتر لێی بێبەش بوون. پاشان لە ٢٧ی خاکەلێوەی ١٣٤٢ قانوونێک پەسند کرا بە ناوی "حمایت از خانواده". ئەو قانوونە تەڵاقی یەک لایەنە کە پیاو ئەو حەقەی پێدرابوو، هەڵوەشایەوە. پاشان مافی چەند هاوسەرییش بۆ پیاوان دژوار کرا و، بۆ سەرپەرستی کردنی منداڵایش لە دوای تەڵاق، یان مردنی باوک، دایک حیسابێکی بۆ دەکرا. هەروەها تەمەنی قانوونیی ژیانی هاوبەش بۆ کچان لە ١٣ ساڵەوە بوو بە ١٨ ساڵ. ئەوانە و هێندێک دەسکەوتی دیکەش کە بەرهەمی وشیاری و خەباتی خودی ژنان بوون، لە قانوندا پەسند کران.

سەرچاوە Serchawe

## شۆڕشی ١٣٥٧ و نەخشی ژنان:

بەشداری چالاکانەی ژنان لە شۆڕشی ١٣٥٧دا لە مێژوو دا سەبت بووە و کەس ناتوانێ حاشای لێ بکا. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێشتا بە تەواوەتی دەسەڵاتەکەی تەسویب نەببوو، هێرشی کردە سەر ماف و ئازادییەکانی ژنان. داسەپاندنی حیجاب کە نمادی کۆیلەیی ژنە، بە فتوای خومەینی یەکەمین پێشێل کاری بوو لە لایەن ڕێبەری ئەو ڕێژیمەوە لە دژی ژنان کرا. دواتر هاڵاواردن و بێبەش کردن لە مافە ئینسانییەکانیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە زۆر و بە زەبری قانوونە کۆنەپەرستانەکانیان بەسەر ژناندا سەپێنران. ٣١ ساڵە ژنانی ئێران لە ژێر سایەی ئەم حکوومەتەدا لەگەڵ ناعەداڵەتییەکان دەست و پەنجە نەرم دەکەن. لە هەمان کاتیش دا خەبات بۆ مافەکانیان لە ئەولەویەتی کار و ژیانی ڕۆژانەی ژنان دابووە. دیارە بۆ ماوەی ٨ ساڵ شەڕی ئێران و عێراق بووە هۆی ئەوە ژنان زۆر هەل لەدەست بدەن. بە هۆی شەڕ سێبەری شوومی مەرگ باڵی بەسەر هەموو وڵاتدا کێشابوو. سەرکوتی هێزە موخالیفەکان لە لایەن ڕێژیمەوە بە پاساوی پاراستنی وڵات دەستی دەسەڵاتی ئاوەڵا کردبوو. ئەو شەڕە بووە هۆی ئەوە ڕێژیم زیاتر پەرە بە دیکتاتۆری بدا و ناڕازییان لەو حکوومەتە سەرکوت بکا. هەلومەرجێکی پڕ خەفەقان لە وڵاتدا دروست بوو و زۆربەی بڵاوەکراوە ئازادەکان، ڕێکخراوە سیاسییەکان کە شۆڕشی ١٣٥٧ ببوو بە هۆی ژیانەوە و سەرهەڵدانیان، داخران و سەرکوت کران. بە هەزاران تێکۆشەری سیاسیی ڕێکخراوە سیاسییەکان زیندانی کران و دواتر لەناوبران. لە نێو ئەواندا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ژنانی تێکۆشەر و نەخبەی کۆمەڵگە دەبینران. ئەو هەلومەرجە وای کرد کە ژنان بۆ ماوەیەک لە بێدەنگی دا بمێننەوە. لە هەمان کاتیش دا لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە بوونی خۆیان وەک ئینسانێکی بەکەڵک لەو کۆمەڵگەیەدا دەسەلماند. دەستڕاگەیشتنی کچان بە فێربوون لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا وای کرد کە ئاکامێکی موسبەتی بۆ کۆمەڵگە و بە تایبەتی بۆ توێژی ژنی لێ بکەوێتەوە. ئاگایی و وشیاری لە ئاست قانوونە کۆنەپەرستانەکانی دژی ژنان، زیاتر بوو بە هۆی بەربەرەکانی کچان و ژنانی لاو لە دژی قانوونە پڕلە هەڵاواردنەکانی ئەو نیزامە. پاش هاتنە سەرکاری خاتەمی (سەرکۆمار) لە ساڵی ١٣٧٦دا هەلومەرجێکی تازە بۆ ڕێفۆرمخوازی و کرانەوە لە ئێراندا دروست بوو. مەجال بۆ سەرهەڵدانەوەی کتێب و نەشریاتی تایبەت بە ژنان ڕەخسا و ڕێگەی بڵاو بوونەوەیان تا ڕادەیەک پێدرا. دەیان سایت و ئەنجومەنی جۆراوجۆری ژنان دامەزران و پەرەیان سەند. ڕەخسانی ئەو هەلومەرجە وای کرد کە ژنان خواستەکانی خۆیان لە کۆمەڵگەدا مەترەح بکەن و دواتر بە کردنەوەی کەمپەینی جۆراوجۆر خواستەکانی خۆیان گەڵاڵە کردو ڕەوانەی پارلمانیان کردن. ئەگەرچی ئەو کرانەوەیە سنووردار بوو، بەڵام کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر خەباتی ژنان لە ئێران دانا و پایەکانی بزووتنەوەیەکی بەهێزی ژنان لەو دەورانەدا دامەزرا.

## نەخشی ژنانی کورد لە خەباتی یەکسانیخوازی دا:

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا هەلومەرجێک هاتە ئاراوە بۆ حیزب ڕێکخراوە نەتەوەیی و چەپەکان تاکوو تێکۆشانی ئاشکرا و تەشکیلاتییەکانیان ڕێک بخەنەوە. بەشێکی زۆر لەم حیزب و ڕێکخراوانە، بە تایبەتی ڕێکخراوە چەپەکان گرنگییان دەدا بە مەسەلەی ژنان و داکۆکی کردن لە مافەکانیان لە بەرنامەو هەڵوێستەکانیادا تا ڕادەیەک دیار بوو. ئەمە وای کرد ژنان بەرەو خەبات و تێکۆشانی ڕێکخراوەیی لە دژی کۆماری ئیسلامی هاتن بدرێن. ژمارەیەکی زۆر لە کچان و ژنانی کورد چوونە نێو ڕیزی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەوە کە بانگەشەی ماف و ئازادییەکانی ژنانیان دەکرد. لە هەمان کاتیش دا پرسی ژن لە پەراوێز و پاشکۆی ئەو ڕێکخراو و حیزبانەدا مایەوە. بەڵام بوونی حوزووری ژنان و بەشدارییان لە خەباتی نەتەوەیی و ڕێکخراوەیی دا تا ڕادەیەک کاریگەریی لەسەر ئاستی وشیاریی و ئاگایی ژنی کورد و بەگشتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر گرنگی ڕۆڵی و پێگەی ژنان لە کۆمەڵ دا دانا. پاش ئەوەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە هۆی هەلومەرجی داسەپاو نەیانتوانی حوزووری بەرچاو و بەردەوامیان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا بمێنێ، هەڵسووڕان و جموجۆڵی ژنانی کوردیش کەوتە قۆناغێکی دیکەوە.

دوای هەڵبژاردنی خاتەمی بە سەرۆک کۆمار، ئەو هەلومەرجە کە لە سەرەوە ئیشارەمان پێکرد، کوردستانیشی تا ڕادەیەک گرتەوە. ژنانی کورد بەو پێشینە سیاسی و ئاگاییەی هەیانبوو ئەو هەلەیان قۆستەوە و کەوتنەخۆ بۆ دامەزراندنی ئەنجومەن و NGO ی تایبەت بەخۆیان تاکوو لەم ڕێگەیەوە بتوانن ئامانجەکانیان بەرەو پێش بەرن. ژنانی خەباتکاری کوردستان لەگەڵ ئەوەی بە ڕێژەیەکی زۆر زیاتر بە نیسبەت ژنانی نەتەوەی فارس لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە چەوساونەتەوە و فشاریان لەسەر بووە و ئازار دراون و کۆسپ و تەگەرەیان خراوەتە سەر ڕێ، زۆر بە ئازایەتییەوە ئەو خەباتەیان تا ئێستاش بەرەوپێش بردوە و بەشێکی دانەبڕاو بوون لە خەباتی مافخوازی ژنانی ئێران. لە هەمان کاتیش دا خەبات بۆ مافی نەتەوەکەشیان پشتگوێ نەخستوە و بە شێوەی جۆراوجۆر ئەم خەباتەشیان هەر درێژە داوە. ئەوەتا هەر ئێستاش چەندین ژنی تێکۆشەری کورد لە چاوەڕوانی حوکمی لە سێدارەدان کە لە لایەن دادگای ئەو ڕێژیمە سەرکوتکارەوە بۆیان دەرچووە. نموونە زێنەب جەلالیان و شیرین عەلەم هۆیی.

## بزووتنەوەی جەماوەری لە ئێران:

زیاتر لە ٩ مانگ دەبێ بزووتنەوەیەکی مافخوازی جەماوەریی بەهێز لە دژی پێشێل کردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، لە گۆڕێ دایە. بزووتنەوەیەک کە ژیانی لەو ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرە ئاڵۆز کردوە. خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران دوای تەحەمولی سی و یەک ساڵ ستەم و نایەکسانی، ساڵی ڕابردوو بە دروشمی مردن بۆ دیکتاتۆرییەت، جێژنەکانی سەرکەوتنی ٣١ ساڵەی تەمەنی پڕ لە جینایەت و سەرکوتی کۆماری ئیسلامییان لەو نیزامە تاڵ کرد. نەخش و ڕۆڵی ژنان لەو بزووتنەوەیەدا بەڕاستی جێگای سەرنج و شانازییە. ئەو بزووتنەوەیە بەشێکی گرنگ و کاریگەری لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان پێک هاتوە. بزووتنەوەی ژنان کە ڕیشەیەکی قووڵتری لەم بزوتنەوە تازەیە هەیە و زۆر لەمێژترە لە سەنگەری خەبات دژی ستەم ونایەکسانییەکان دا خۆی نیشان داوە و ئەزموونی هەیە. ئێستاش ئەگەر نەڵێین ژنان وەک پێشەنگ و نمادی بزووتنەوەن، دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین حوزوورێکی یەکسانیان لەگەڵ پیاواندا لە خۆپیشاندانەکان دا هەیە و لە ڕێگەی گەیشتن بە خواستە گشتییەکاندا زۆر نرخی گەورەشیان داوە. تەنانەت جگەلە زیندان و شکەنجە و ئازار، لە مردنیش باکیان نەبووە. ئەوان بە شکاندنی تابۆی تەبعیز لە ڕیزی خۆپیشاندەراندا جارێکی دیکە تاڵاویان بە گەرووی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە و سیستمی پیاوسالار دا کردوە. ئەو دیوارەی ٣١ ساڵە ئەو نیزامە پیاوسالارە لە نێوان ژنان و پیاوانی ئەم وڵاتەدا دروستی کردوە، بە دەست لە نێو دەستی یەکتر مستێکی توندی دیکەیان لە دەمی کۆنەخوازان و لایەنگرانی پیاوسالاری داوەتەوە. حوزووری بەرچاوی ژنان لە ڕیزی نارەزایەتییەکاندا، ڕاستە بە نارەزایەتیی دژی ئەم سووکایەتییە بوو کە بە دەنگەکانیان کرا، بەڵام لە هەمان کاتیش دا دەبێ بەشداریی هەر حەرەکەتێکی گشتی لە لایەن ژنانەوە بە نیشانەی خواستی یەکسانیی و ئازادی دابنرێ. تێکەڵاویی ڕیزەکانی ژنان و پیاوان لە خۆپیشاندانەکاندا، نیشانەی بوونی بیری یەکسانیخوازییە. ئەوەی کە ژنان لە لایەن ڕاگەیەنەکانی دنیای دەرەوە بوونەتە نماد و پێشەنگی بزووتنەوە، تەنیا ئاگەڕێتەوە بۆ بەشداریی ئەم چەند مانگەیان لە خۆپیشاندانەکاندا، ئەوە بەرهەمی خەباتێکی دوور و درێژ و سەختی ژنانە لە بەرانبەر پێشێلکارانی مافەکانیان دا.

**کۆتایی:** ئەگەرچی مێژوو نیشانی داوە ژنانی ئێران لە شۆڕشەکانی مەشرووتە و شۆڕشی ١٣٥٧ خواستەکانیان کەوتە ژێر سێبەری خواستە گشتییەکان و لە ئاکامدا بۆخۆیان دەست بەتاڵ مانەوە، چونکە بۆخۆشیان زیاتر ئەولەویەتیان بە خواست و داواکارییە گشتییەکان دەدا. بەڵام ئەمجارە ژنان بە پێی ئەو ئاگایی و وشیاری و ئەزموونەی هەیانە چی دیکە ڕێگە نادەن خواستەکانیان بکەوێتە ژێر پەردەی فەرامۆشی. هەروەها هەر ئێستاش دەبینین لە لایەن هەڵسووڕاوانی ژنان بەردەوام ڕوو لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوز دەکەن کە دەبێ ڕوانگە

سەرچاوە Serchawe

وهەڵوێستان لەسەر مافەکانی ژنان روونتر بکەنەوە. چاوەڕوانیتان لێ دەکرێ لە پەنا بەدواداچوونی مافە گشتییەکانی خەلکی ئێران، خواست و ئامانجە رەواکانی بزووتنەوەی ژنانیشتان لەبەر چاو بێ و لە هەڵوێست گرتنەکانتان دا بە روونی گەلاڵەکانتان لە پێوەندیی لەگەڵ مافەکانی ژنان بێننەبەر باس!

کوردستان و کورد / ١٥ی ئاوریلی ٢٠١٠

==========================================================================

# یادێک لە مامۆستا سێوە مەقامزانی هونەرمەندی کورد



سێوەی مەقامزانی هونەرمەندی کورد لە ساڵی ١٨٩٠دا لەگەڕەکی بەفریقەندی شارۆچکەی کۆیە لەدایکبووە.

مەقامەکانی سێوە بەدەقە وێژەییەکەیەوە، لەناو ئاو هەوایەکی سازگاری کوردەوارین بەپێی قۆناغ و سەردەمی ژیانی خەڵکەکە خوڵقان. بابەتەکانی هەموویان موڵکی کوردن و بۆ کورد گوتراون و پڕن لەچەمکی خۆشەویستی ئەڤین و دڵپاکی و جوانی و ئازایەتی و بەرخودان کە هەموویان بابەتی نەمرن و کورد هەمیشە شانازییان پێوە دەکات.

شاعیری میللی بەیت و بەندەکانی خاڵە سێوەی مەقامزان لە دەربڕینی ڕەوانبێژیدا، بۆ دەرخستنی جێ چاکیی ئافرەتی شۆخ و شەنگی گورج و گۆڵ و گەردن هەڵکشاوی چاوگەش، تا ماینی سنوور و کارمامزی مل بەقەرێتە و قورینگی گەردن بەرزو سەقەر باڵەبان و کەوی وڵاتەکەی خۆی هەبووبێ بەگیانلەبەری دوورە ووڵات و نەبینراوی وەکو زەرافەو کەنگەر و تاوس و تووتی نەچوواندووە.

هەتا چۆم و چۆماڵ و ڕووبار و کۆلاوی داوێنی شاخەکانی خۆی هەبووبێ، بیری بۆ دەریا و دوورگەو کەنداو و کەشتی و نەچووە و تاکو دارو درەخت و گوڵ و گیاو گوڵی بۆن خۆش و چنار و شەنگەبێ و سێو و نارنج و لیمو و هەلاڵە ورەیحانی خۆی بووبێ، دەستی بۆ دارو درەخت و گوڵی بێگانە درێژ نەکردووە و هەیکەلی دەقە وێژەییەکانی پێ هەڵنەبەستوون.

هەر چەندە سێوە مەقامزانێکی میرات گری مەقامزانانی کۆیەی سەدەی نۆزدەم بووە، کە ئەمین ئاغای حەوێزی ناسراو بە "ئەختەر"ی شاعیرو مەقامشوناس بەردی بناغەی ئەو هونەرەی داناو مەقامەکۆنەکانی پێش خۆی نوێکردەوە و مەقامزانی وەک "مەربین" و "نەشئەتی ڕەشید ئاغا" لە دیوەخانەکەی ئەودابوونە سوارچاکی هونەری مەقامی ڕەسەنی کوردی و دوای ئەوانیش "پووتێ" و "حاجی یەگەورە" و "عەبەی چایەچی" و "حەنیل" بوونە جێگریان و پەرەیان بەهونەری مەقام داو ئینجا سێوە لەسەردەستی ئەوان فێری هونەری مەقامی ڕەسەنی کوردی بوو، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستیەش بڵێین کە سێوەی هونەرمەند کتومت مەقامەکانی ئەوانی نەجووییەوە بەڵکو پەرەی پێدان و سۆزی خۆی خستە پاڵ.

جگە لەو ٥ مەقامەی کە خاڵە سێوە لە ساڵی ١٩٥٢دا لە ئێستگەی ڕادیوی کوردی بەغدا تۆماری کردن گەلێ مەقامی ڕەسەنی دیکەشی بەتۆمارنەکراوی ماندەوە لەوانە مەقامی "پاییز"ە کە کەم کەس گوێی لێ بووە و لێرەدا بەشێکی لێ بڵاو دەکەینەوە:



گەلی برادەرینە
ئەمن پاییزەکم گەییەتێ
چ پاییزەکێ فەقیرە!
کە دارە بەنی ماڵ وێران
سێبەری خۆی لەمن دەکاتە
سەرە تیرە
ئەگەر دری خەرکی ئەو عەیامەی
بریندارە بەشیران، بەتیران
بەماری دە دنیایێ
بەڵام دری منی غەریبە مارێ
بریندارە لۆ کیژۆرەکی چاردە
ساران
تازە لە مەمکۆڵانی گەڕاینەوە
شیرە!!

لە تافی لاویدا ئاشقی "وارێ"ی کچی یوسف ناوێک دەبێ بەئیشقی ئەو کچە نازدارە گاورەوە هونەری مەقام و بەستەی کوردی لەلا دەخولقێ و بەتایبەتی لەو سەردەمەی، کە ئەو کچە شۆخە عەشقەکەی لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ دەکرد و وردە وردە ئاوازی مەقامی ڕەسەنی کوردی لە حەتیل و پووتێ و عەبەی چایەچی فێردەبوو و بەعیشقی "وارێ"ی دۆستی ناسک و نازداری پەرەی بە ئاوازەکانی دەدا، کاتێکیش کە "وارێ"ی نابێ بە خێزانی ئەو و بەنابەدڵی، باوکی دەیداتە خزمێکی خۆی، ئەو مەقامانەی پەردەیەکی خەماوییان بەسەردا هەڵدەکێشرێ.

سێوە لەسەرەخۆ هونەری مەقامەکانی بەرزکردەوە تاکو بووە میراتگری مەقامزانەکانی شاری کۆیە، بەڵام کت و مت هەمان ڕێبازی ئەوانی نەگرت، بەڵکو خۆی بووە خاوەن ڕێبازێکی هونەریی مەقامی ڕەسەنی کوردی.

چونکە دەنگێکی خۆش و قەبەی لەباری هەبوو، هەستێکی ناسکی مۆسیقایی لەلاخولقابوو، بە هەوڵدانێکی کەم توانی خۆی بکاتە ئاشنای مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی و لەکاتی گۆرانیی گوتن دا دەیزانی لەکوێ دەست پێ بکات و لەکوێش بوەستێ بەندو ئاوازی مەقامەکانی سێوە لەسەرچاوەیەکی سازگاری کوردەوارییەوە هەڵقوڵابوون و بەزۆری لە گیروگرفتەکانی لاوان و ئەڤین و ڕاستگۆیی و سرووشتی خاکی کوردستانەوە دەدوێن و لەزۆر شوێندا لەبازنەی کات و ڕۆژگار دەچنە دەرەوە تاکو بۆ هەموو دەورو سەردەمێکی مرۆڤی کورد بدەن، گۆرانیی ڕەسەنی کوردی

سەرچاوە
Serchawe

دەدرێتە پێنووس.



سێوە بووە مەقامزانێکی بەدەستەڵات، چونکە هەروەک لە ئاوازی کۆن شارەزابوو، لە داهێنانی ئاوازی نوێ و تازەکردنەوەی ئاوازی کۆنیش شارەزاتر بوو، بۆیە لەکاتی مەقامبێژیدا هەمیشە زاڵ بوو بەسەر ئاوازی مەقامەکانی دا و بە بەهرەی هونەریی خۆی دەستکاریی تێدا دەکردن بەبێ ئەوەی لە سنووری گشتی بنەما سەرەکییەکانی ئەو مەقامانە دەرچێت.

بەکەمێک سەرنجدانی دەقی بەندو بەیتەکانی مەقامەکانی و هەڵسەنگاندیان لەڕووی وێژەی و هونەرییەوە ئەم ڕاستییانەی خوارەوە ئاشکرا دەبێت:

١- بابەتەکانی هەموویان لە کۆمەڵگای کوردەوارییەوە هەڵقوڵاون و بۆ کورد گوتراون و پڕن لە ووشەی ناسکی خۆشەویستی و ئەڤین و سوارچاکی و ئازایەتی و وەفاداری و مەردایەتی.

٢- مەقامەکانی بەدەقی وێژەی و ئاوازەوە، لەناو ئاووهەوایەکی سازگاری کوردستانەوە خولقاوە، سیمفۆنیا و تۆمارێکی ڕووداوە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانی کۆمەڵی کوردەوارین و بەپێی قۆناغی ژیانی خەڵکەکە خولقاون.

٣- شاعیری میللی و فۆلکلۆریی بەیت و بەندەکانی لە دەربڕینی ڕەوانبێژیدا بۆ دەرخستنی جوانیی ئافرەت، تا کارمامزی مل و بە قەرێتە و قورینگی گەردەن بەرز و سەقەری باڵەبان و کەوی وڵاتەکەی خۆی هەبووبێ، بەگیانەوەری دوورە وڵاتی وەک زەرافەو کەنگەر و تاووسی نەچوواندووە.

٤- شاعیری دەقەکانی گۆرانی و مەقامەکانی لەپێدا هەڵدانی هەرشتێک جوانترین و زیندووترین چەشن و ئەندامی هەڵبژاردووە. لە دەربڕینی جوانیی ئافرەتدا، کەوتووەتە باسکردنی ئەو ئەندامانەی کە دەبنە پێوانەی جوانی و شۆخ و شەنگی مێینە لەبەرچاوی نێرینەی جوانیی پەرستدا، هەر لە بەژن و باڵای بەرز و سنگی سپی و مەمکی فنجانی و گەردنی زەرد و چاوای بەڵەکەوە بگرە تا دەگاتە برژانگ و برۆی ڕەش و چاوی وەک چاوی سەقەری باڵەبان و دوگمەی سینگ مەمکان و قۆڵ و باونجی کچی شەنگ و شۆڕی نازداری کوردان.

٥- دانەرانی ئەو دەقانەی مەقامەکان وەستایانە سوودیان لە کەلەپووری ئایینی و نەتەوایەتی کورد وەرگرتووە، هەروەک لەدەقی بەندەکانی مەقامی سەحەر و گورێ و کراسی شەنگ مێرەم دا گەلێک نیشانەی ئایینی وەک نەفخی سوور و گفتوگۆی حەزرەتی مووسا لەگەڵ باری تەعالا و شەیتانی لەعین و نیشانەی کوردی وەک مەم و زین و بەکر مەرگەوەر و عەلی بەگی داسنی و گەلێ نیشانەی دیکە و بەمانە ڕەسەنایەتییەکی تەواویان داوە بەمەقامەکانی سێوە.

سێوەی مەقامزانی هونەرمەندی کورد لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا لە ٩ی نوامبری ١٩٦٣ دا کۆچی دواییکردووە. ئەم کەسایەتییە ناودارە لەژیاندا بەهەژاری ژیاوە. لەپاش خۆی کەلەپوورێکی زۆری لەئاواز و گۆرانی کوردی بەجێماوە، کە تاکو ئێستا ئاوازی ڕەسەنیمەقامەکانی "سەحەر" و "گوڵێ" و "عایشەگوڵ" و "بەهار" و "کراسی شەنگ مێرەم" لە گوێچکەماندا دەزرنگێنەوە

ماڵپەری کۆیە

************************************************************

# کورتە مێژووی شاری سلێمانی

لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

سلێمانی شارێکی کوردیی باشووری کوردستان و ناوەندی پارێزگای سلێمانییە. سلێمانی بە سنووری وڵاتی ئێرانەوەیە و دەکەوێتە ١٤٠ کیلۆمەتر ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکووکەوە.

سلێمانی گەورەترین زانکۆی تێدایە لە هەرێمی کوردستاندا کە بە زانکۆی سلێمانی ناسراوە. بە دووری ٦٠ کیلۆمەتر لە شاری سلێمانییەوە بەنداوی دوکان هەیە کە یەکێکە لە بەنداوە گەورەکانی ئێراق. سلێمانی بە هاوینەهەوارەکانی وەکو هاوینەهەواری ئەحمەدئاوا، سەرچنار، دوکان، سەرتەکی بەمۆ، کونەماسی، ئەزمڕ و قەرەداغ و چەندین هاوینەهەواری دڵڕفێی دیکەش بەناوبانگە.

شاری سلێمانی لەپاش ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ ەوە فراوانبوون و پێشکەوتنێکی لەبەرچاوی بەخۆوە دیوە و بە ئارامترین پارێزگاش دەژمێردرێت لە ئێراقدا، بەو هۆیەوە لە زۆربەی پارێزگاکانی دیکەی ئێراقەوە خەڵکیی زۆر ڕوویان تێکردووە و بووە بە پەناگەی ئەو هاوڵاتیانەی کە لە خوارووی ئێراق و ناوچەکانی ناوەڕاستەوە ڕوو دەکەنە ئەو شارە.

## مێژوو



وێنەی بەردەرکی سەرا لە سەرەتاکانی سەدەی ٢٠ دا

شاری سلێمانی لە ساڵی ١٧٨٤ لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابان ەوە ئاوەدانکراوەتەوە. ئیبراهیم پاشا شارەکەی بە ناوی باوکییەوە، سلێمان پاشا، ناوناوە. سلێمانی جگەلەوەی دەبێتە پایتەختی میرنشینی بابان، لەهەمان کاتدا دەبێتە مەڵبەندێکی بازرگانی و ڕۆشنبیری ناوچەکە. زاراوەی سۆرانی لە ناوچەکەدا پەرە دەستێنێ و دەبێتە زمانی خوێندن و نووسین بە جۆرێک کە زاراوەی گۆرانی لە ناوچەکەدا بەرەو کەمبوون و نەمان دەچێت. پاش ڕووخانی میرنشینی بابان لەساڵی ١٨٥١ وە لەناوچوونی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەم، شاری سلێمانی دەخرێتە سەر کۆماری ئێراقی ئەمڕۆ. لە ساڵی ١٩٢٢ تا ١٩٢٤ شاری سلێمانی پایتەختی دەوڵەتەکەی مەلیک مەحموود بووە. شاری سلێمانی جگە لەوەی لانکەی ڕۆشنبیر و تێکۆشەران بووە، مەڵبەندی هەڵگیرسانی چەندان شۆڕش و ڕاپەڕینیش بووە لە مێژووی کوردستاندا. بەپێی ڕۆژنامەی ژین لە ساڵی ١٩٥٥ پانی ڕووی شاری سلێمانی ٢٠ ملیۆن و ٢٥٠ هەزار مەترە و ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە ٦٠ هەزار کەس و نزیکەی ٧ هەزار خانووی تیادایە. لە شەش گەڕەکی سەرەکی پێکهاتووە ئەوانیش کانی ئاسکان، گۆیژە، مەڵکەندی، سەرشەقام، چوارباخ، دەرگەزێن گەڕەکی جوولەکانی جارانیش کە ئێستا خراوەتە سەر گەڕەکی سەرشەقام.

سەرچاوە Serchawe

## بابانییەكان و سلێمانی

بەرلەوەی بنەماڵەی بابانییەكان بیرلە دروستكردنی شاری سلێمانی بكەنەوە، ئیمارەتەكەیان لەگوندی (قەڵاچوالان) بوو، لەگەڵ بەرفراوان بوونی ئیمارەتەكە،جموجوڵی ئاوەدانكردنەوە و بنیاتنانی شارستانی لەناوچەكەدا دەستی پێكرد،لەسەردەمی فەرمانڕەوایی باباندا ملمانێ وتوندوتیژیی لەنێوان فارسەكان و عوسمانییەكاندا هەبوو، شوێنی جوگرافیای قەڵاچوالانیش لەبەر نزیكی لەسنووری ئێرانەوە، شوێنێك بوو ببوە مەترسی شەڕو پێكدادانی نێوان لەشكری فارس و عوسمانییەكان بۆیە هەریەكە لە " نادر شا و سوڵتان مەحمودی یەكەم " لەهەوڵی ئەوەدا بوون ئیمارەتی بابان بەلای خۆیاندا رابكێشن، كێشمەكێشی ناوخۆیش لەنێو بنەماڵەی بابانییەكان و ئیمارەتە كوردییەكاندا بۆ كورسی و دەستەڵات ئەوەندەی دیكە مەترسی لەسەر ناوچەكە دروست كردبوو، ئەمەش وایكرد مەحمود پاشای بابان ساڵی (١٧٨١)ی زاینی بیری لەوەكردەوە ناوەندی بەڕێوەبردنی سیاسی لەقەڵاچوالانەوە بگوێزێتەوە بۆ شوێنێكی تر، بۆیە سەرای حكومەتی لە نزیك گوندی مەڵكەندی دروستكرد، دواتر ئیبراهیم پاشای بابان لەساڵی (١٧٨٣) دا فەرمانڕەوایی ئیمارەتەكەی گرتە ئەستۆ ودەستیكرد بە دروستكردنی شاری سلێمانی تا لەساڵی(١٧٨٤)دا لەدروستكردنی شاری سلێمانی كۆتایی هات، لەهەمان ساڵدا بابانییەكان پایتەختی ئیمارەتەكەیان گواستەوە سلێمانی. لەساڵنامەی( ١٩٥٥ )ی سلێمانیدا كەلە رۆژنامەی" ژین" دا بڵاوكراوەتەوە هاتووە: "ئیبراهیم پاشای بابان خۆی حوكمداری شاری قەڵاچوالان بووە، لەبەرناخۆشی و تەنگی شوێنەكە و لەترسی هێرشی دوژمن بەتایبەتی لە نادر شای حوكمداری ئێران كەگەلێ جار ویستویەتی هەڵمەت بەرێتە سەری دەست بەسەری بكات، بەناچاری شاروشوێنی هەڵسوڕانی كاروباری وڵاتەكەی گواستەوە ئەم شوێنە كەئێستا شاری سلێمانییە".

## گەڕەكە كۆنەكانی شار

گەڕەكی گۆیژە : یەكەم گەڕكی سلیمانیە لە كۆنی و گەورەیدا بەناوی چیای گۆیژە وە ناونراوەكە .لەگەڵ دروستكردنی شارەكەدا ئەم گەرەكە دروستكراوە .

سابونكەران: یەكێكە لە گەرەكە هەرە كۆنەكانی سلێمانی و هاوكات لەگەڵ دروست كردنی شارەكەدا ئەم گەرەكە دروست كراوە.لەسەرەتاوەپیشەی دانیشتونی ئەم گەرەكە دروست كردنی سابون بوە(بە شێوەیەكی سەرەتایی) ،

دەرگەزێن : دووهەمین گەرەكی كۆنیسلێمانیە هەندێك سەرچاوە ئەڵێت دانیشتوانی یەكەمی ئەم گەرەكە لە گەرەكی (دەرگازێن )ی شاری هەمەدانە هاتون . دوو گەرەكی بچوكیش كە برتین لە گەرەكی (سەرگۆل )و گەرەكی(كارێزی دایكی پاشا) بەستراونەتەوە بە گەرەكی دەرگەزێنەوە.

كانی ئاسكان ـ كانێسكان كە ئێستا لە ناوجەرگەی شاری سلێمانی دایە كاتی خۆی سنوری باكورو باكوری خۆرئاوای سلێمانە بووە,ئەم گەرەكە ناوچەكانی شێخان و بازارە بچكۆلەو گەرەكی ژاڵە بییەكان دەگرێتەوە بە ناوەكەشیا دیارە كە ماتی خۆی ئاسكە كێوی زۆری تیابوەو لە نزیك كانییەكەی ئەو ناوچەیەدا بینراون .

گەرەكی سەرشەقام لە خوارووی شاری سلێمانیە و (شەقامەكەی سەرشەقام ) لە گەڕەكانی تری جیا ئەكاتەوە .كاروانی قەلاچوالان بۆ بەغداد بە (كەلی سەرگرمە دا) بێرەدا تێپەرێوە بۆیەكە ئاواكایەوە ناونرا گەرەكی سەرشەقامەكە گەڕەكەكانی (هومەرمەندان )و(شیوی قازی )لەسەر ئەم گەڕەكەن

گەڕەكی جوولەكان: لە باشوری خۆرئاوای سلێمانی .جولەكەكان سەرەتا لە قەلاَچوالانەوە هاتوونەتە ئەم گەرەكەو بە پیشەی (خومچێتی) یەوە سەرقاڵ بوون . بەلاَم لە دواییدا كاروباری بازرگانی كۆتاڵفرۆشی و عەتاری و زەرەنگەری و گەلێك ئیش جۆراوجۆری تریان گرتە دەست . دوای دروستبونی ئیسرائیل و بەتەواوەتی لەساڵی ١٩٥٠ دازۆربەیان سلێمانیان جێهێشت .

### گەڕەكی سەرچیمەن

گەڕەكی سەرچیمەن (كە قاوەخانەی سەرچیمەنیشی پێ ئەوترێت) یەكێكە لە گەڕەكە هەرە كۆنەكانی شار و كەوتۆتە نێوان دەرگەزێن و سابوونكەران و گاوران. شێوازە كەلتوورییەكەی خانووە دێرینەكانی ئەو گەڕەكە هەندێكیان هێشتا ماون كە پێویستە لایەنە بەرپرسەكان كار بۆ پاراستن و نۆژەنكردنەوەیان بكەن. ناوی سەرچیمەن لەوەوە هاتووە كە چیمەن و مێرگ و مێرگوزاری تیا بووە. ناوی قاوەخانەكەش ئاماژەیە بەو قاوەخانە كۆنە مێژووییەی كە كاتی خۆی لە گەڕەكەكەدا هەبووە. خاوەنەكەی (حسە كەر)ی ناوبووە و یەكێك بووە لە كەسایەتییە كۆمەڵایەتییە ناسراوەكانی شار. ئێواران پیاوماقوڵانی گەڕەك دەهاتنە ئەم قاوەخانەیە و لە بۆنە ئایینی و نیشتمانییەكاندا چالاكی تایبەتی تیا ئەنجام دراوە. هەرە دیارترین چالاكییەكان دیاردەی هەقایەتخوانی بووە. لە شەوانی رەمەزان دا مەلا سمایل كتێبی چیرۆكەكانی رۆستەم و مەم و زین و ئەمیر ئەرسەلانی دەخوێندەوە. كەسایەتییە ناودارەكانی گەڕەك: - مەلا ئەحمەدی دیلان، باوكی خوالێخۆشبوو حەمە ساڵح دیلان و قادر دیلان - مەلا حامید حەمدوون، كەسایەتییەكی كۆمەڵایەتی و ئایینی بوو. لە رۆژانی جەژنی نەورۆزدا نەورۆزانەی دابەش دەكرد بەسەر ماڵانی گەڕەكدا. نەورۆزانە بریتی بوو لە ئاوێك دوعای بەسەردا خوێندرابێت. - شێخ بابا عەلی قەرەداخی باوكی شێخ نوری و باپیری مامۆستا بەهادین نوری كەسایەتی سیاسی ناسراوی كوردستان و عێراق - حاجی كەریمی عەنبەرخان - حاجی مەحمودی باپیری شەهید ئەنوەری مەجید سوڵتان - حەمە ئەمین ئاغا حاجی برایم ئاغا و حەمە سور ئاغای برای - حاجی شێخ نوری حەڵواچی - حاجی ئەحمەدی موتابچی - مەحمود تۆفیق گورجی ناسراو بە مەحمود تۆفیق شلك و حاجی عەلی فەوتاوی برای كە ئەویش تێكۆشەرێكی دێرین و كەسایەتییەكی ناسراو بوو لەو گەڕەكەدا هەندێك ماڵ و بنەماڵەی خاوەن پیشەی تایبەت هەبوون وەك موتابچێتی و دروستكردنی سابوون.

## بازاڕ و قەیسەرییەكانی شار

لە دروستبوونی سلێمانییەوە بەردەركی سەرا و دەوروبەری ناوەندی شاری سلێمانی بووە، بۆیە دوكان و بازاڕ زیاتر ئەو ناوەی گرتۆتەوە، مێجەرسۆن لە گەشتەكەیدا بۆ ناوچەی سلێمانی لە ساڵی ١٩٠٨ باسی (خانی عەجەم) و (خانی غەفوورئاغا) و قەیسەری وەسمان پاشا و قەیسەری نەقیب ئەكات، واتە لە پێش هاتنی مێجەرسۆنەوە ئەم خان و قەیسەرییانە لە سلێمانی هەبوون ، ئێستا تەنیا قەیسەری نەقیب وەك خۆی ماوە بەڵام خان و قەیسەرییەكانی تر نەماون و شوێنەكانیان ئێستا دوكان و بازاڕە، لە دوای ئەمانەوە كە سلێمانی فراوان بووە و شەقامی تیا دروستكراوە لە سەر شەقامە سەرەكییەكان و سەنتەری شار و گەڕەكەكاندا بە سەدەها دوكان و بازاڕی تیادا دروستكراوە. خان و قەیسەرییەكانی سلێمانی لە سەرەتای سەدەی رابردوودا ئەمانە بوون:

قەیسەری وەسمان پاشا: وەسمان پاشای كوڕی حەمە پاشای جاف دروستی كردووە و لە ساڵی١٩٧٤ دا سووتاوە و ئێستا جێگاكەی بازاڕێكی گەورەی لێ دروستكراوە.

قەیسەری نەقیب: شێخ مستەفای نەقیب كوڕەزای كاك ئەحمەدی شێخ دروستی كردووە و تا ئێستا ماوە.

قەیسەری شێخ مەحمود: لە ساڵی ١٩١٦ دروستكراوە لە شوێنی مەیدانی برنجەكە بەرامبەر حەمامی سوورەت، ئێستا شوێنەواری نەماوە.

قەیسەری غەفوورئاغای حاجی ئەوڵا: لای مەزادخانەككەوە بووە، رووخاوە و ئێستا شوێنەكەی دوكان و بازاڕە.

خانی غەفوورئاغا: شوێنەكەی ئێستا كراوەتە بازاڕی مەحوی بەرامبەر خانەقای مەحوی.

سەرچاوە
Serchawe

خانی عەجەم: لە نزیک مەزادخانەکەوە بووە لە ناوبازاڕ و ئێستا شوێنەکەی کراوە بە دوکان و بازاڕ.
خانی عەبدوڵلا درێژ.
خانی حاجی سەعید ئاغا: خۆی دروستی کردووە و موڵکی خۆی و دوو برایەتی.
خانە سووتاو: قادری کەریم دایەن دروستی کردووە و ئێستا بازاڕێکی گەورەی لە شوێندا کراوە بە ناوی بازاڕی خانەقا (بازاڕی جگەرە)وە.
خانی رسوومات: موڵکی حەمەئاغای برای حاجی سەعید ئاغا بووە.

## زانکۆی سلێمانی



ئەنجومەنی زانکۆی سلێمانی

زانکۆی سلێمانی بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٦٨ دامەزرا، کامپی سەرەکی زانکۆ ئەکەوێتە شاری سلێمانی یەوە لە هەرێمی کوردستان. لە سەرەتادا تەنها سێ کۆلێژ هەبوون، بەڵام ساڵانی دواتر ژمارەی کۆلێژەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد لە ئەنجامی داواکارییەکی زۆر بۆ خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.
لەساڵی ١٩٨١ رژێمی فاشیستی عێراق ئەم دامەزراوە ئەکادیمییەی ڕاگواست بۆ شاری هەولێر وە ناوەکەشی گۆڕدرا بۆ "زانکۆی سەڵاحەدین". لەساڵی ١٩٩٢ جارێکی تر زانکۆی سلێمانی دامەزرێندرایەوە لەئەنجامی هەوڵ و کۆششی زۆری ڕۆشنبیران و زانستخوازانی کورد و خەڵکی دڵسۆزی شاری سلێمانی و زانکۆ جارێکی تر کرایەوە لە ڕێکەوتی ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢
ئەمڕۆ زانکۆی سلێمانی ٢٥ کۆلێژی هەیە کە تیایدا خوێندکاران بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەدەست ئەهێنن لە چەندین بواری جیاجیادا.

## مزگەوتەکانی شار

دیارە مزگەوت وێڕای ئەوەی کە شوێنێکی ئایینی پیرۆز و شوێنی عیبادەت و خواپەرستی و زانستە، شوێنێکی گرنگی خزمەتگوزارییشە و لە گوندەکاندا بەتایبەتی ئەرکی دیوەخان و میوانخانە و شوێنی کۆبوونەوەی دانیشتوانی ناوچەکە بووە و لە شۆڕشی گەلەکەشماندا مزگەوت هەمیشە لانە و جێگەی حەوانەوەی پێشمەرگە بووە، کوردیش وەک میللەتێکی موسوڵمان بایەخ و گرنگیی داوە بە مزگەوت و هەمیشە لەگەڵ دروستکردنی دێهاتەکان و لە ئاوەدانکردنەوەیان دا مزگەوتیان دروستکردووە. بێجگە لە مزگەوت لە سلێمانی تەکیە و خانەقاش هەبووە. تەکیە بۆ قادرییەکان کە حاجی شێخ مارفی نۆدێ هێناویتیە ناوچەی سلێمانییەوە و لە بنچینەدا شێخ قادری گەیلانی دایمەزراندووە. خانەقاش بۆ نەقشبەندییەکانە کە مەولانا خالیدی نەقشبەندی هێنای کە ئەویش لە مەولانا عەبدوڵلای دەهلی وەریگرتبوو. حاجی شێخ مارف و مەولانا خالید هاوچەرخی یەک بوون و کاتێک کە میستەر ریچ لە ساڵی ١٨٢٠دا هاتووەتە سلێمانی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی مەحمود پاشای باباندا، باسی ئەم دوو زاتە گەورەیە ئەکات. مامۆستا مەلا محەمەدی قزڵجی لە نامیلکەیەکی بەنرخدا کە لە ساڵی ١٩٣٨ دەری کردووە بەناوی (التعریف بمساجد السلیمانیه و مدارسها الدینیه) باس لە مزگەوتەکانی شاری سلێمانی ئەکات کە تا ئێستا ماون.

## جوگرافیا

شاری سلێمانی دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی (٣٤– ٣٦) پلە لەسەر هێڵی کەمەر و هێڵی درێژی (٤٥ – ٤٦) پلە لە ڕۆژهەڵاتی هێڵی گرینویچی گۆی زەوییەوە، واتە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی باشوورەوە. سلێمانی لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بە زنجیرە شاخی ئەزمڕ (١٧٠٠م)، گۆیژە (١٥٢٥م) و قەیوان دەورە دراوە، لە باشووریشەوە بە چیای بەرانان (١٣٧٣م) و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە دەشتی شارەزوور دەستپێدەکات کە درێژییەکەی ٤٥کم و پانییەکەی ١٥کم. لە ڕۆژئاواشەوە شاخی تاسڵوجە گەمارۆی داوە.
شاری سلێمانی ٨٥٣ لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە و ئاووهەواکەی بە دەریای ناوەڕاستەوە کاریگەرە و لە زستاندا سارد و باراناوییە و هاوینیشی وشک و گەرم و بێبارانە، جیاوازییەکی زۆریش لە نێوان پلەکانی گەرمای شەو ڕۆژ و وەرزەکانی ساڵیدا بەدی دەکرێت.

## ئاو و هەوا

ئاوو هەوای ناوچەی سلێمنی بەزوری لە ئاوو هەوای ناوچەی دەریای ناوەراست ئەچیت تەنیا ناوچەکانی چەمچەماڵ و دەشتی کەلاریان لێدەرچێت .پلەی گەرمای هاوین ئەگاتە (٣٩) پلەی سەدی و ئەگەر بەرەوخۆرئاوا بیبیتەوە تا (٢٤)نزم ئەبێتەوە.ئەمە بە شێوەیەکی گشتییە بەلام هەندێک ساڵ بەرزترین پلەی گەرما لە هاوین دا سنوری (٤٥) پلەی سەدیش ئەبەزێنێت .
بای لەهەرچوارلاوە بۆدێت.جاران لە دوانزە مامگی ساڵدا هەشت مانگ بارانی تیا دەباری بەلام ئێتا وەک بەشێک لە دیاردەی گەرم بوونی زەوی ماوەو رێژەی باران بارینی تیا کەم بۆتەوە.نێکرای گشتی باران بارین لە ساڵێکدا لە نێوان (٤٠٠-٦٠٠ملم).بێگومان لە ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای سلێمانیدا ئەگاتە ١٠٠٠ملم و هەندێکجار زیاتریش.
شاری سلێمانی (٨٥٣م)لە دەریاوە بەرزە.هەر لەناوشاری سلێمانی دا بەرزی ونزمی و گردۆڵکەی زۆر هەن (هەوارە بەرزە ـ گردی علی ناجی ـ گردی گەرەکی ئەندازیاران ـ گردی سەرچنار وەگردەکانی تر ) ئەمانە بەشوێنی بەرز دائەنرێن بەلام سلیمانی کون وەک دەگەرزین وچوارباخ و کانیسکان و سەرچنار و سەرشەقام تا بەرەو خوارە بیتەوەهەر دووەچەمی تانجەرۆ و قلیاسان نموونەی ناوچە نومەکانی سلێمانین.
جیاوازی نێوان (لوتکەی گۆیژە ) و (دەوروبەری چەمی قلیاسان ) (٨٧٨م) ئەبێت .واتە گۆیژە نزیکەی (١کم) لە باشوری سلێمانییەوە بەرزترە کە ئەمە جیاوازییەکی زۆەو گەلێک کار ئەکاتە سە ئاو و هواو پەیدابوونی رەشەبا.
(ئاو و هەوا )ی شاری سلێمانی: پلەی گەرما لە هاوینی (١٨٢٠ )دا وەک گەشتیاری بە ناوبانگ (میستەر ریچ ) لەدوای نیوەرۆدا گرتویەتی (لە رۆژی ١٧ی تەموزدا)(٣٥) پلەی سەدی بوە,بێگومان ئێستا ئاو و هەواکەی گەرمترە و خۆی ئەدا لە ٤٥ پلەی سەدی.
لە زستاندا لە بەکرجۆی نزیک سلێمانی تێکرا (٣،٥) پلەی سەدییە . بەلام لە ناوچە شاخاوییەکان بە تایبەت دوای بەفربارین و لە چلەی زستان دا چەند پلەیەک دێتە ژێر سفرەوە.
تەوژمیپاڵە پەستۆی هەواو پلەی گەرما پیچەوانەی یەکترن.واتە هەتا پلەی گەرمی بەرزتر بێتەوە (با)یاخود(هەوا) ئەکشێ و بوشایی تیاپەیدا ئەبێت و قورسای کەم ئەبێتەوە, بەوە تەوژمەکە کەم ئەبێتەوە بۆیە گەرما کاریگەرترین شتە لەسەر پاڵە پەستۆی هەوا هەر ئەمەشە وای کردوە سلێمانی بە شاری رەشەبا بناسرێت .
هەوای سلێمانی (شێدار)نییە چونکە دوورە لەدەریاوە .

## ئاماری دانیشتوان

میستەر ریچ کە ساڵی ١٨٢٠ هاتۆتە سلێمانی واتا٢٦ ساڵ پاش دروستکردنی شارەکە , ژمارەی دانیشتوانی بە دە هەزار کەس خەملاندوە دوای ئەوە ئەڵێت: سلێمانی (٢٠٠٠ ) ماڵی ئیسلام. (١٣٠ ) ماڵە جولەکە (٩) ماڵی دیانی کلدانی (٥) ماڵی ئەرمەنی تیا بوە , کۆی ماڵەکان ئەکاتە (٢١٤٤ ).ئەگەر هەرماڵێک بە پێنج کەس دابنێین ئەکاتە (١٠٧٢٠ ) کەس. - بەگوێرەی ساڵنامەی عوسمانی ساڵی ١٩٠٧ ژمارەی دانیشتوان (٨٧٠٢ ) موسڵمان و (٣٦٠ نا موسڵمان کە ئەکاتە (٨٩٦٣ ) کەس.

- سەرچاوەکانی تر لە ساڵی١٩١٣ دا ژمارەی دانیشتوانی هەموو ناوچەی سلێمانییان بە (٥١٦٠٠) کەس داناوە کە (٤٨٦٠٠ ) یان موسڵمان و (٩٠٠ ) یان دیان و (٢١٠٠ )یان جوولەکەن. ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانیان بە (٢٦٠٠٠ ) کەس داناوە ، لە وانە (٢٤٨٢٥ ) کەس موسڵمان و (١٠٠٠ ) کەس جوولەکە و (١٧٥ )دیان.

- لەسەردەمی ئینگلیزدا بە گوێرەی ڕۆژنامە پێشکەوتن ساڵی ١٩٢٠ ژمارەی ناوچەکە بە (٦٢٧٢٢)کەس دائەنێ. دانیشتوانی شاری سلێمانی بە دە هەزار کەس داناوە.

- ساڵی ١٩٢٥-١٩٢٦ سلێمانی خۆی بریتی بووە لە ١٣-١٤ هەزار کەس. دوای ئەوە لە کاتی حوکمەتی عێراقدا و لە ساڵی ١٩٢٧ وە سەر ژمێری دەستی پێکرد:١٩٢٧- ١٩٣٧ - ١٩٤٧- ١٩٥٧ - ١٩٦٥ - ١٩٧٦-١٩٨٨

- ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٤٧ دا بە گوێرەی تۆماری ڕەسمی (٢٣٤٧٥ ) کەس بووە.

- ساڵی ١٩٥٧ بریتی بووە لە (٤٨٨١٢ ) کەس.

- ساڵی ١٩٩٨ شاری سلێمانی بەگوێرەی ساڵنامەی ئەو ساڵە بەم جۆرە بووە : ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی خۆی (٥٤٨٧٤٧) کەس . ژمارەی دانیشتوانی سنووری پارێزگای سلێمانی (١١٢٧٢٢٦ ) کەس . ژمارەی خێزان لە ناو شاردا (١١٠٣٦٠ ) . ژمارەی خێزان لە سنوری پارێزگای سلێمانی (٢١٧٢٢٠ ) . ژمارەی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی (٥٨) .

- ئاماری ساڵی ٢٠٠٩ ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی بە شار نشینەکانی بەکرەجۆ و ڕاپەرینەوە ٦٤٨٠٠٠ کەسە .

## شوێنە مێژووییەکان



وێنەی نوێی ئەمنە سورەکە

چایخانە کۆنەکانی شار

مێژووی پەیدابوونی (چا) لە کوردستاندا زۆرکۆن نیە. پێشتر قاوە هەبووە، هەر بۆیە شوێنێکی وەک قاوەخانەی سەرچیمەن پەیدا بووە. یەکەم جار (چا) لە ساڵی ١٨٩٥ دا هێنرایە سلێمانی. بازرگانێک کە ناوی محەمەد ئەمین مەحمود بوو، وە لە نێوان سلێمانی و ئێراندا کاری بازرگانی دەکرد لەو ساڵەدا چای وشکی هێنایە سلێمانی. سەرەتا ماڵە دەوڵەمەندەکان (بەتایبەت ماڵی عیزەت بەگی وەسمان پاشا) لەو چایەیان کڕیء لە دیوەخانەکانیاندا بە لێنراوی پێشکەشی میوانەکانیان دەکرد. وردە وردە دیاردەکە بڵاوبۆوەو گەیشتە ئەو رادەیەی کە ئێستا چا لە سلێمانی و کوردستاندا زۆربەی کات دەخورێتەوە، بەتایبەت دوای ژەمە سەرەکییەکانی خواردن. هەروەها شوێنی تایبەتی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی چا کە بە چایخانەکان ناسراون بەشێکی دانەبڕاوی کەلتوور و مێژووی شاری سلێمانی یە.

چایخانە کۆن و بەناوبانگەکان:

## چایخانەی شەعب

چایخانەی شەعب هەر لە سەرەتاوە مەڵبەندی کۆبونەوە و حەوانەوەی خوێندەواران و هونەرمەندان و نوسەران بووە. سەرەتای دروستبوونی چایخانەی شەعب ئەگەرێتەوە بۆ ساڵانی پەنجا و وەستا شەریفی چایچی سەرپەرشتی کردووە. عومەر شەریف خاوەنی چایخانەی شەعب لە بارەی سەرەتای دروست بوونی چایخانەی شەعبەوە بەم جۆرە دوا : لە سەرەتادا وەستا شەریفی باوکم چایچی دەسگێر بووە پاشان بیری لە دانانی چایخانەیەک کردووە و ناوی ناوە چایخانەی (شەعب) سەبارەت بەوەی کە بۆ چایخانەکە ناوی شەعبی لێنراوە وەستا عومەر وتی : لە ساڵانی زوودا بیناکە ئوتێلێک بووە ناوی (شەعب) بووە هەر بۆیە ئەم ناوەش لە چایخانەکە نرا. لە سەرەتادا چایخانەی شەعب بەم شێوەیەی ئێستا نەبووە و وەها گەورە نەبووە شوێنی کتێبخانەکەی ئێستا چایخانە بووە و حەوشەکەشی شوێنی خواردەمەنی بووە کە خاوەنەکی ناوی وەستا نەزەر بووە.. دواتر لە سالانی شەستەکاندا و پاش کۆچی دوایی وەستا نەزەر حەوشەکە ئەبێتە شوێنی ئەرز و حاڵچییەکان.. دواتر لە سەرەتای ساڵانی حەفتادا چایخانەکە تەشەنەی سەندوەو گەورە کراوە.. وە لەو کاتەوە تا ئێستا دوو جار چایخانەکە نۆژەن کراوەتەوە جاری یەکەم لەسەر ئەرکی خۆمان و دوا جاریش ساڵی دوهەزار و شەش بووە لە سەر دەستی حکومەتی هەرێم کە ئەو کات عومەر فەتاح سەرۆکی حکومەت بووە،



سەبارەت بەوەی کە لە سەرەتادا کێ سەردانی چایخانەکەی کردوە کاک عومەر وتی : کۆمەڵێک کەسی ناودار سەردانی چایخانەیەکەیان کردووە هەندێک لەوانە کە پێک هاتببون لە شاعیر و هونەرمەندان و نووسەران سەردانی چایخانەکەیان کردووە وەک شێرکۆ بێکەس و ئەحمەد هەردی و حەمە ساڵح دیلانی شاعیر و عەبدوڵڵا جەوهەر و مامۆستا ئەخۆل و گەلێکی تر سەردانی چایخانەکەیان کردووە..

لە سەردەمی رژێمی بەعس دا چەند جارێک چایخانەی شەعب کەوتۆتە بەر هێرشی ملازم موحسین و ئیهانەی بە نوسەران و ئەو گەنجانە کردووە کە لە چایخانەکەدا دانیشتوون و کۆبونەتەوە..

یەکێک لە شتە سەرنج ڕاکێشەکانی تری ئەم چایخانەیە ( دەفتەری بیروەریەکان )ە ، کە بیرەوەری ئەو نووسەر و هونەرمەندانە دەگێرێتەوە کە سەردانی چایخانەکەیان کردووە.. لە لاپەڕە یەکی ئەو دەفتەرەدا مامۆستا شێرکۆ بێکەس بەم شێوەیە باس لە چایخانەی شەعب دەکات : ( من ئەم چایخانەیە وەک چیرۆکێک ئەبینم کە بەردەوام ژیانی ئەم شارەمان بۆ ئەگێرێتەوە).. وە شاعیری گەورەی عەرەب سەردانی چایخانەی شەعبی کردووە و لە دەفتەری بیرەوەرییەکاندا شیعرێکی بۆ چایخانەکە نووسیوە کە دەڵێ : ( چایخانەی شەعب لە باڵاییدا بژی و شیعرێک دابهێنە ، بکشێ و بەرینی زەوی زیاد بکە). وەک کۆمەڵێک نووسەری بیانی سەردانی ئەم چایخانەیەیان کردوە وەک : هینری دیلانی شاعیری فەرەنسی و فازڵ سامر و علی حسن فواز و ئەردەشێری رۆستەمی و رۆبیرت کلایتەر)..

سەرچاوە
Serchawe

کە دەچیتە ناو چایخانەکەوە چاوت بە کۆمەڵێکی زۆر لە وێنەی هەڵواسراو دەکەوێت کە پێک هاتوون لە وێنەی شاعیر و هونەرمەند و رۆژنامەنووس و سەرکردە و پێشمەرگە نەمرەکان.. لە بارەی هەڵواسینی ئەم وێنانەوە بە چایخانەکەوە عومەر شەریف ی چایچی وتی : هەڵواسینی ئەم وێنانە لای ئێمە وەک وەفا و خۆشەویستییەکە بۆ ئەوانەی جێدەستییان لە بوارەکاندا دیارە و ماندوبوون). ئیستا چایخانەکە کۆمەڵێکی زۆر لە گەنجان و رۆشنبیران رووی تێدەکەن و تێیدا بە یەکتر شاد ئەبنەوە و گفتوگۆ لە بارەی ئەدەبیات و هونەر و رۆژنامەوانییەوە دەکەن.. یەکێکیان بۆبەسەربردنی کاتە و ئەوی دییان بۆ ئاگاداربوونەوە لەدنیای رۆژانەی کوردستان ، بۆ شیکارکردنی ئەو دۆخەی کە پێیدا تێپەر دەبین، یان قسە و باسە لەسەر دنیای ئەدەب و فکر.. چایخانەی شەعب وەک فۆرم هیچ جیاوازیەکی لەگەلر چایخانەکانی تردا نییە بەڵام ئەوەی کە جیاوازی پآ دەبەخشآ جۆری ئەو کەسانەن کە ڕووی لێدەکەن وەک رۆژنامەنوسان و هونەرمەندان و شاعیران

ئەوەی جێی سەرنجە لەم چایخانەیەدا ئەوەیە کە هەندێ جار ژنانیش روو لە چایخانەکە دەکەن بەڵام بە شێوەیەکی کەم تەنها ئەوانە نەبێ کە لە ئەوروپاوە دەگەڕێنە یان ژنانی بیانی کە سەردانی سلێمانی دەکەن و دێنە چایخانەکە..

## قەیسەری نەقیب



یەکێکە لە مەڵبەندە بازرگانییە هەرە کۆنەکانی ناو شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٠٠ شێخ مستەفای نەقیب کە دەکاتە مامی شێخ مەحمودی حەفید دروستی کردووە. زۆربەی وەستا و کرێکارەکان کە لە دروستکردنی ئەم قەیسەرییەدا ئیشیان کردووە لە سنە و کرماشانەوە هاتن و شارەزایی زۆریان هەبووە لە هونەری بیناسازیدا. نەخشەی قەیسەرییەکەش هەر هەمان نەخشەیە کە لە قەیسەری و بازارِەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بەکارهاتوون. کاسبکارەکانی ئەم قەیسەرییە جۆرا وجۆر بوون وەک خەیاتی و دەلاکی و وشکەفرۆش. بەڵام لەدوای ساڵی چلەکانەوە شەقڵێکی تری بەخۆوە گرت و زیاتر بوو بە بازاڕی عەتارەکان. سەرچاوەی کەل و پەلەکانیش لە بەغدا و سوریا و ئێرانەوە دابینکراون و بازرگانەکانی ئەو سەردەمە خۆیان سەفەری ئەو وڵاتەیان کردووە و تازەترین کاڵایان بۆ دوکاندارەکانی ئەو قەیسەرییە هێناوە. لافاوە بەناوبانگەکەی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٧ دا زیانێکی گەورەی بەم قەیسەرییە گەیاندووە. ئەو سەردەمە لاوان و مامۆستایان و پیاوە ناودارەکانی کورد کۆمەکی ماددیان پێشکەش بە زیانلێکەوتووان کردووە. ساڵی ١٩٨٨یش لە رووداوێکی تردا قەیسەرییەکە سوتا و خەڵکەکەی تووشی زیانێکی قورس بوون. دەیان



پیاوی ناسراو و کاسبکار و بازرگان لە موسوڵمان و گاور و جولەکە لەم قەیسەرییەدا کاسبییان کردووە. تۆفیق قەزاز و حاجی شێخ عەلی و حاجی مەلا سەعیدی مامە خەلانی و حاجی عەزیزی شەرعی و شەلەمۆ عەزیز حەکیم و موشێی عەتار و سیمانە و سەلیم بەگی کوتاڵفرۆش هەندێک لە کاسبکارە ناسراوەکانی سەرەتاکانی سەدەی رابردووی ناو قەیسەری نەقیب بوون.

## شوێنە گەشتیاریەکان

### سەیرانگای سەرچنار

سەرچنار یەکێکە لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی ، دەکەوێتە رۆژئاوای شار . جاران بەهۆی لاوازی کەرەسەی هاتوچۆوە و کەمی دانیشتوانی شار، سەرچنار جیابوو لە بەشەکانی تری سلێمانی و دەزانرا لەکوێوە بۆ کوێ دەستپێک و کۆتاییەتی ، ئەمرۆکە سەرچنار تێکەڵ بووە و لەدەوریا چەندین گەڕەکی تر دروست بوون وەک: شەهیدانی سەرچنار، گردی سەرچنار، ..هتد . وە هەروەها سەرچنار بەیەکێک لە هاوینەهەوارەکانی عێراق دەژمێردرێت بەهۆی بوونی ئاوی هەڵقوڵاوی ژێر گرد و بەرزاییەکانی. زۆر لە مێژە سەرچنار ئوتێل و شوێنی حەوانەوەی لێدروست کراوە بۆ گەشتیاران. شوێنێکی فێنک و خەم رەوێن بووە بۆ خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری، کە تاکوو ئەمرۆش کۆتایی هەفتان خەڵکانێکی زۆر ڕووی لێدەکەن بۆ سەیران. سەرچنار چەندجارێک نۆژەنکراوەتەوە و سیمای ناو سەیرانگاکانی دەستکاریی کراون و خۆشکراوە.

### هاوینە هەواری دوکان

بەنداوی دووکان لە خۆر ئاوای شاری سلێمانی بە دووری [ ٧٠] کم و لەسەر زێی بچوک دروست کراوە ، کە بریتی یە لە دەریاچەیەکی مەزن و برِی [ ٦،٨ ملیار م٣] ئاو گل دەداتەوە ، ئەم دەریاچەیە بۆتە ناوچەیەکی گەشتیاری سەرنج راکێش و گەشتیاران لە زۆر ناوچەوە ڕووی تێ دەکەن ، ئوتێلێکی گەورەی بە ناوی [ میراڵ ] و کۆمەڵێک کابینەی جۆراو جۆری لێ بنیاد نراوە ، گەشتیاران لە هەر چوار وەرزی ساڵ گەشتی بۆ دەکەن .

## باخ و پارکەکانی شار

### باخی گشتی

باخچەی گشتی لە کۆندا نەبووە. تا سەردەمی ئەحمەد پاشای بابان کە حا کمی سلێمانی بووە چوار باخی دروستکرد، ئێستا ئەو چوارباخە بوون بە گەڕەکێک لە گەڕەکەکانی سلێمانی(چوارباخ). جالەبەرئەوەی ئاوی سلێمانی زۆر بووە و پڕ بووە لە کانی و کارێز جگە لە ئاوی شیوەکان و زێرابەکان کە بەرەو خوار بوونەتەوە، ئەمانە هەموو سوودیان لێ وەرگیراوە بۆ باخ دروستکردن. ئەمانەش ناوی ئەو باخانەن کە هەبوون و ئەوانی تریش ئەوانەن کەلەم دواییەدا دروستکران:-

باخی پورە بەگ: لە گەڕەکی گۆیژە نزیک سابونکەران وژوور مزگەوتی هەمزاغا، ماڵی شاعیری گەورە ی کورد پیرەمێرد لەوێدابوو.

تووی مەلیک: لە باکووری شاری سلێمانی، لە ساڵەکانی سی و چلی سەدەی ڕابردوو(حەوزێکی گەورە)ی هەبوو لە بەهارا پر ئەبوو لە ئاو، لەوەو پێش داروردەختی لە بەرابوو ، خەڵک لە بەهارا ئەچوونە ئەوێ بۆ سەیران. ئەم ناوچەیە موڵکی شێخان بوو. لەکاتێکدا دروستکرا کە شێخ مەحمود حوکمدار بوو، بۆیە ناونرا تووی مەلیک.

باخی شێخ لەتیف(شێخ لەتیفی دانساز) لەلای ماڵەکەی خۆیانا لەگەڕەکی دەرگەزێن، پڕبوو لە داری بەردار و حەوزێک بە فوارەوە لە ناوەڕاستیا ئێستاش هەندێ شوێنی ماوە بە باریکی... درەختی سێوو هەڵوژە و هەرمێ وهەنار و قۆخ وگێلاس وبەهێ و هەنجیر ی تیا بوو.

درێژەی بۆلاپەرەی ١٩

سەرچاوە
Serchawe



# منداڵان



## داپیرە و مام ڕێوی

فاتمە حیجازی

لە رابردوویکی دووردا، پیرێژنێک بوو، ئەم پیرێژنە مانگایەکی بوو، هەموو رۆژێ مانگاکەی دەدۆشی و لە شیرەکەی ماست و کەرە و دۆ و کەشک و زۆر شتی دیکەی دروست دەکرد و بەم جۆرە ژیانی خۆی دەبردەسەر. ماوەیەک بوو کە پیرێژن دەیدی کە ئەو شیرەی دەینێتە ژێر قوڵینەکەوە دەخورێ و کەمدەبێتەوە، جاری واش هەیە هیچ شیری تێدا نامێنێ. زانی کە بەو شیرە فێر بوون. خۆی لە کونجێک حەشار دا تا بزانێ کاری کێیە. دوای ماوەیەک تماشای کرد، دیتی لە ژێر قوڵینەوە کلکی رێوییەک دیارە. پیرێژن ترێشتەیەکی هێنا و کلکی رێوی قرتاند. رێوی دەستی کرد بە گریان و شین و شەپۆڕ کە " ئەی داپیرە کلکە قوڵێم بدەوە... " و زۆر لالانەوە و پاڕانەوەیتر...

داپیرە گوتی: " برۆ شیری ئەم ماوە کە خواردووتە بۆم بێنەوە تا کلکە قوڵێت بدەمەوە."

ڕێوی گوتی: " جا لە کوێم بوو؟ "

داپیرە گوتی: بزنە شەلێک لە هەواران بەجێ ماوە، بچۆ بۆ لای و شیرەکەی بێنە بۆ من! "

ڕێوی گوتی: " باشە " و ڕێکەوت بەرەو هەوار. چوو بۆ لای بزن و وتی: " بزن شیردە ، بۆ داپیرە، داپیر کلکە قوڵێم داتۆ! "

بزن وتی: « من شەلم و ناتوانم برۆم گیا بخۆم ، برۆ بۆلای دار گەڵام بۆ بێنە تا شیرم تێبێ و شیرە بەرە بۆ داپیر! »

ڕێوی چوو بۆ لای دار و وتی: « دار گەڵا دە، بۆ بزن دە ، بزن شیر دا ، بۆ داپیر دا، داپیر کلکە قوڵێم داتۆ! »

دار وتی: « لە مێژە من ئاوم نەخواردووەتەوە و گەڵام نیە، بچۆ بۆ لای کانی ئاوم بۆ بێنە هەتا منیش گەڵات پێ بدەم.»

ڕێوی چوو بۆ لای کانی و وتی: « کانی ئاو دە ، بۆ دار دە، دار گەڵا دا، بۆ بزن دا، بزن شیر دا ، بۆ داپیر دا، داپیر کلکە قوڵێم داتۆ!»

کانی وتی: « چەن ساڵە کیژان لێرە هەڵنەپەڕیون و ئاوم نیە، بچۆ بۆ لای کچان تا بێن و لێرە هەڵپەڕن. بەڵکوو ئاوم تێبێ و ئاو بەریت بۆ دار.

ڕێوی چوو بۆ لای کچان و وتی: « بێن چۆپی کەن. لە کانی کەن،کانی ئاو دا، بۆ دار دا، دار گەڵا دا، بۆ بزن دا، بزن شیر دا، بۆ داپیر دا، داپیر کلکە قوڵێم داتۆ!»

کچان وتیان: « کەوشمان نیە تا هەڵپەڕین ، بچۆ بۆ لای وەستای کەوشدروو کەوشمان بۆ بێنە تا بتوانین لە کانی هەڵپەڕین و کانی ئاوی تێبێ!»

ڕێوی چوو بۆ لای وەستا و وتی: « وەستا کەوش بە ، بۆ کیژان بە، کیژ چۆپی کا، لە کانی کا، کانی ئاو دا، بۆ دار دا، دار گەڵا دا، بۆ بزن دا، بزن شیر دا، بۆ داپیر دا، داپیر کلکە قوڵێم داتۆ!»

وەستا وتی: « برۆ هێلکەی مریشکم بۆ بێنە تا کەوشت بۆ دروست کەم»

ڕێوی چوو بۆ لای مریشک و وتی: « مریشک هێلکە دە، بۆ وەستا دە، وەستا کەوش دا، بۆ کیژان دا، کیژان چۆپی کەن، لە کانی کەن، کانی ئاو دا، بۆ دار دا، دار گەڵا دا ، بۆ بزن دا، بزن شیر دا، بۆ داپیر دا، داپیر کلکە قوڵێم داتۆ! »

مریشک وتی:« برسیمە و دان نیە بیخۆم، برۆ لە خەرمان دانم بۆ بێنە تا هێلکەت پێ بدەم و بیبە بۆ وەستا! ڕێوی چوو بۆ سەر خەرمان و لە ساحەبی خەرمان داوای گەنم و دانی بۆ مریشک کرد و بە جۆری رابردوو پێدا هات و گەنمی پێ دا. ڕێوی گەنمی لێ وەرگرت و بردی بۆ مریشک.

مریشک هێلکەی پێ دا ، هێلکەی برد بۆ وەستا ، وەستا کەوشی پێ دا، کەوشی برد بۆ کچان، کچان لە کانی چۆپییان کێشا، کانی ئاوی تێهات، ئاوی برد بۆ دار ، دار گەڵای دەرکرد، گەڵای برد بۆ بزن، بزن شیری تێهات ، شیری برد بۆ داپیر.

داپیر کلکە قوڵەی ڕێوی بە قیر و زەفت و بنێشت پێوە لکاند و ڕێوی ڕۆیی بۆ ناو ڕێوییەکان.

ڕێوییەکان کە مام ڕێوییان بەم چەشنە چاو پێ کەوت هەرکام بە جۆرێک گاڵتەیان پێ دەکرد. وتیان برۆ بەولاوە بۆ قیرت لێ دێ ! برۆ چەن ناحەزی! برۆ!...

ڕێوی لای خۆی وتی شەرتە چارتان بکەم، چوو بۆ ناو ئاوایی. دی لە ماڵێک زەماوەندە و دەیانەوێ بووک بەرن. خۆی خستە پەنای بووکەکە و وتی دەبێ جل و بەرگەکانتم پێ بدەی تا بیپۆشم، ئەگینا ئابڕووت دەبەم. بووکە لە ترسا جل و بەرگی بووکێنی خۆی پێدا.

ڕێوی جل و بەرگەکانی لەبەر کرد و چوو بۆ لای ڕێوییەکان. ڕێوییەکان سەریان سووڕما کە ئەمانەی لە کوێ بووە. لێیان پرسی: « لە کوێت بووە؟»

ڕێوی وتی: « ئەستێرە ئاوێک هەیە پڕە لەم جل و بەرگانە، بێن بچین پیشانتان بدەم.»

هەڵسان چوون بۆ لای ئەستێری ئاو. ڕێوی لە لێواری ئەستێردا ڕاوەستا. وێنەکەی کەوتە ناو ئاوەکەوە. ڕێوییەکان تەماشای ناو ئاویان کرد و دیتیان جل و بەرگی رازاوە و جوانی تێدایە.

ڕێوی وتی: « تەماشای کەن چەن جوانە ئەم جل و بەرگانە»

یەکێک لە ڕێوی یەکان بۆ دەرهێنانی جل و بەرگ خۆی خستە ناو ئاوەکەوە. ماوەیەک بەسەر چوو و نەهاتەدەر. وتیان بۆ نەهاتەدەر. ڕێوی گوتی: دەیەوێ زۆر بێنێتەدەر و ڕەنگە تەماح بیگرێ و هیچ بۆ ئێوە نەهێڵێتەوە. ڕێوییەکان لە حەیوەتی جل و بەرگی جوان ، یەک بە دوای یەکا خۆیان خستە ناو ئاوی ئەستێر و و هەموویان خنکان. تەنیا ڕێوی حەکایەتی ئێمە مایەوە کە لە گوێی ئەستێر وێستا بوو. لەم کاتەدا، ئاشەوان کە بۆ بەردانی ئاو هات بۆ لای ئەستێر، مام ڕێوی بە جل و بەرگی سوورەوە دی کە ڕاوەستاوە. بێڵاسنێکی پێ گەیاند و تۆپاندی. جل و بەرگی ڕێوی لەبەر داکەند و بردیەوە بۆ ماڵ بۆ کچەکەی. « منیش هاتمەوە لەولا، کاڵەم درا ، چم پێ نەبرا!»




## پێنج خواردنەوەی بەسوود بۆ دابەزینی کێشی لەش

ئارێز ئەحمەد.. بۆ دابەزینی کێشی لەش تەنیا خواردنی خۆراکە تەندروستەکان ڕێگەچارە نییە و خواردنەکانیش بەسوودن بۆ دابەزینی کێشی لەش. لەم بابەتە هەندێ زانیاری لە بارەی ٥ خواردنەوەی بەسوود بۆ دابەزینی کێشی لەش رادەگەیەنین:



ئاو: ئاو یەکێک لەو خواردنانەیە کە سوودی زۆری هەیە بۆ دابەزینی کێشی لەش و ئاو خواردنەوەیە ڕێگری دەکات لەبەرزبوونەوەی کێشی لەش و زانایان دەڵێن تێکەڵاوکردنی ئاوی لیمۆ سوودەکانی ئاو زیاتر دەکات.

ئاوی سەوزەکان: سەوەزە مادەی بەسوودی وەک "فیبری" تێیدایە و ئاوی سەوزە باشترین مادەیە بۆ سوتاندنی چەورییەکان و لەنێوبردنیان. هەروەها ئاوی سەوزەکان بەسوودە بۆ هێزی بینینی مرۆڤ.

چای سەوز بە بێ شەکر: چای سەوز خواردنەوەیەکی بەسوودە بۆ ئەوەی کێشی مرۆڤ بەرزنەبێتەوەو ڕێگری دەکات لە قەڵەوبوونی مرۆڤ. چای سەوز مادەی "ئانتی ئۆکسیدان"ی تێیدایە و ئەمەش بەسوودە بۆ دابەزینی کێشی لەش.

قاوە: خواردنی قاوە لە بەیانیان دەبێتەهۆی بەرگریکردن لە برسێتی و ئەمەش وا دەکات کە مرۆڤ کەمتر بخوات و کێشیش بەرز نەبێتەوە. زانایان پێیانوایە دەبێ شەکر بەرێژەیەکی کەم تێکەڵاوی قاوە بکرێت و بەسوودتر ئەوەیە شیر بکرێتەناو قاوەو پاشان بخورێت.

شیر: شیرێەکێک لە بەسوودترین خواردنەکانی جیهانە و بۆ بەهێزکردنی ئیسکەکان سوودی هەیە و بۆ دابەزینی کێشی لەش دەبێ شیر بخۆن بەڵام باشتروایە شیرەکە چەوری کەمی هەبێ.

## سێو جگەر چاڵاک دەکات و بەرگریش لە دڵ دەکات

زانایانی بواری میوەجات دەڵێن" خواردنی سێو سوودێکی تەندروستی گرنگ بە مرۆڤ دەبەخشێت ، ئەویش بەهۆی بوونی چەند پێکهاتەیەکی گرنگی و بەسوود لە بواری تەندروستیدا .



بەپێی وتەی زانایان سێو چاڵاکی جگەر بەهێز دەکات و بلغەم فرێ دەداتە دەرەوەو پارێزگاری لە نەخۆشی دڵ دەکات ، وە ئازاری ماسوولکەکانیش کەم دەکاتەوە . هەروەها سوودێکی گرنگی هەیە لە چارەسەرکردنی نەخۆشی جۆمگەکان .

زانایان ئەوەشیان ئاشکراکرد کە سێو بەهۆی دەولەمەندی بە مادەی " پەکتین" بەرگری لە شێرپەنجەی پرۆستات دەکات .

لەلایەکی تریشەوە سێو یارمەتی هەرس کردن دەدات ، چونکە سەرچاوەیەکی دەولەمەندە بە ڤیتامین "G" ، وە توێکلی ڕێژەیەکی کەمی یەکەی گەرمی و شەکری فرکتۆزی تێدایە کە ڕێژەی شەکر لەناو خوێندا ڕێک دەخات .

هەروەها زانایانی تەندروستی ئەمریکی لە لێکۆلینەوەیەکی پێشوودا ئاشکرایان کردبوو ، کە ڕۆژانە خواردنی سێو ڕێگا لە سەردانیکردنمان بۆ نەخۆشخانەکان دەگرێت ، ئەمەش لەبەرئەوەی کە سێو لە مادەیەکی بەهێز پێکهاتووە ناهێڵێت ڕێژەی کۆلیسترۆل لە لەشدا زیادببێت .

توێژەران باهرام ئەریمانی و مارگرێت سیتۆن لە زانکۆی ویلایەتی فلۆریدا لەم لێکۆلینەوەیەدا کە ماوەی ساڵێکی خایەندووە ، ئاشکرایان کرد ، کە ئەو ئافرەتانەی ڕۆژانە گرنگی بە خواردنی سێو دەدەن ئەوا ئاستی کۆلیسترۆل لە لەشیاندا بە پێوەری چوار زیاتر کەمتردەبێتەوە ، لەچاوی ئافرەتانی تردا .

هەروەها لێکۆلینەوەیەکی تر دەڵێت" سێو یارمەتی دابەزاندنی کێشی لەش دەدات ، ئەویش بە خواردنی 15 خۆلەک لە پێش ژەمی نان خواردندا .

## هێلکە بەرگری لە تەندروستی دڵ دەکات

توێژەرانی بواری خۆراک ئاشکرایانکرد ، کە هێلکە بەهۆی بوونی ژمارەیەک کانزاو ڤیتامین تێیدا ، پارێزگاری لە سەلامەتی تەندروستی دڵ دەکات ، لەلایەکی تریشەوە لە ڕێژەیەکی بەرزی پرۆتین پێکهاتووە .

توێژەران ئاماژەیان بەوەدا کە هێلکە سەرچاوەیەکی گرنگی پرۆتینە ، وە خواردنی هێلکەیەکی قەبارە ناوەند ڕۆژانە پێویستی جەستەی مرۆڤ لە پرۆتین بە ڕێژەی ١١% دابین دەکات .

هێلکە لە سلینیۆم و یۆد و ڤیتامین "D" و "B" پێکهاتووە ، کە پارێزگاری لە تەندروستی دڵ دەکات . هەروەها ترشی زیانبەخش کە مۆلۆلەکانی خوێن لەناودەبات دەگۆڕێت بۆ مادەیەکی تری کەم زیانبەخش .

لێکۆلینەوەکە ئەوەشی ئاشکراکرد کە خواردنی هێلکە یارمەتی کەمکردنەوەی ڕێژەی کۆلیسترۆل دەدات لەناو خوێندا ، بەتایبەت لەلایەن ئەو کەسانەی بەدەست بەرزبوونەوە کۆلیسترۆل دەنالێنن لەناو خوێندا .

توێژەران ئەوەشیان وت" زەردێنەی هێلکە لە جۆرە پرۆتینێک پێک دێت ، کە یارمەتی پاراستنی خوێن دەدات و مەترسی تووشبوونیش بە جەڵتەی خوێن کەم دەکاتەوە ، لە کۆتایشدا وتیان هێلکە بەرگری لە چاوەکانی مرۆڤ دەکات دژی هەر نەخۆشیەک .

کوردستان تی ڤی

سەرچاوە
Serchawe

# وتەی زانایان





لەگەل خەلکی تر پێبکەنە نەک پێیان پێبکەنی.

هەلە کردن کارێکی ئاساییە بەلام دووبارە کردنەوەی کارێکی بێ عەقلییە .


گۆڕینی فرمیسکی خەلکی بۆ شادی باشترن باختەوەرییە.

بەختەوەرترین مرۆڤ ئەو کەسەیە کە بییەوێت کەسێکی تر بەختەوەر بکات.

تووڕە بوون تۆلە کردنەوەی خەلکی ترە لە خۆت.

گرنگ لە کەوتن دانیە بەلکو گرنگ لە دوبارە هەستانەوە دایە.

هەمیشە ئەو خۆشیانەی هاتینە بیان ژمێرە نەک ئەو شتانەی نیتانە.



ئەگەر بتەوێت بە سەر دنیادا زال بیت عەقل و ژیری بەسەر خۆت دا زال بکە.



شانس بەلای ئەو کەسانە وە دەچێت کە بڕوای بە کار کردنە نەک شانس.

باشترین کات بۆ پەروەردە کردنی ئیرادە قۆناغی لاوێتیە.

هەموو شتێک لە لای باریکیدا دەپسێ بەلام زولم زۆری لە ئاستووریدا.


مرۆڤ دەبێ لەگەل خەلاکانی تر کەم و لەگەل خۆی زۆر بدوێ.

جوانی راستە و راستیش جوانە.

بۆ پیکهێنانی ژیانی هاوبەش پەلەکردنی هەلەیە و دواخستنیشی هەلەیەکی ترە.



ئەگەر مرۆڤ گوێ بە عەیبە بدات هەرگیز بە ئاوات ناگات.



گەورەترین سەرمایە متمانە بە خۆکردنە.

گەورەترین مامۆستا ئەزموونی تاقیکردنەوەیە.

گەورەترن دیاری لێ بووردنە.

گەورەترین شانازی ئیمانە.

سەرچاوە
Serchawe

# پەندی پێشینان



ئاوت خواردەوە جارێک لە کانی
بەردی تێ مەخە، خۆ تۆ ئینسانی

پیاو بە خزم و دۆست دەبێ کۆڵەوار
ناقەڵشێ، هۆرە لە خۆی نەبێ دار

لەگەڵ ئەم بیرو باوەڕە چۆنی؟
دەڵێن چێشتی خۆش دیارە بە بۆنی!

دار وشک دەبێ بە ئاواتی باز
جارێک لەسەری بخوێنێ ئاواز

بیستوومە پارو لە زار بکەوێ
بۆ کۆش چاکترە، نەک ئێرەو ئەوێ

بچۆرە جێیەک هیچ کەس نەتناسێ
خۆت هەڵبکێشە پڕ بە کراسێ

برا گیان هێشتا ئەسپ نەکڕاوە
ئاخوڕ هەڵبەستن، خەیاڵی خاوە

قەت لە شوێن چووان نەچیەوە چاکە
بەس لێرو لەوێ کای کۆن بە با کە!

بەرەنجی شانی خۆت بژی بەستە
پارەی میراتی وەک چڵکی دەستە

تەرازوی ئێرەت ئەگەر سەنگ نەکا
تەرازوی ئەولات سەرت دەرئەکا

بۆ ئیشی بچوک، قەت تێمەکۆشە
گۆم هەتا قووڵ بێ بۆ مەلە خۆشە

ئەگەر قسەی حەق لە من دەپرسی
تێر ئاگای نییە هەرگیز لە برسی

بەو کەسە دەڵێن عاقڵ و وشیار
دو جار لە جێیەک پێوەی نەدا مار

ئاوری بن کایە، بۆسۆی لێنایە
دزی خۆماڵی لە گرتن نایە



هیوادارم بەدڵتان بێت دیلان

# رۆژژمێری مێژووی کوردستان - مانگی خەزەڵوەر ( ئۆکتۆبر - نوامبر )



ئامادە کردنی : رەحمان نەقشی

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ٢٣ی ئۆکتوبری ١٩٢٢ | دژایەتی بەرەی کورد بەرێبەرایەتی شێخ مەحمودی حەفید بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق. |
| ٢ | ٢٣ی ئۆکتوبری ١٩٩١ | ریژێمی بەعسی عێراق تەواوی دام و دەزگا دەوڵەتی خۆی لەناوچەکانی هەرێمی کوردستان کێشایەوە. |
| ٣ | ٢٣ی ئۆکتوبری ١٩٩٦ | دامەزراندنی بزووتنەوەی میللی کوردستان لەلایەن عەبدولخالیق زەنگەنە. |
| ٤ | ٢٤ی ئۆکتوبری ١٩٣٥ | بڵاوکردنەوەی یەکەمین گۆڤاری رۆناکی لەشاری هەولێر. |
| ٥ | ٢٤ی ئۆکتوبری ١٩٧٦ | کۆچی دوایی ئەحمەد موختار بابان لەشاری بۆن لەوڵاتی ئەڵمان . |
| ٦ | ٢٤ی ئۆکتوبری ١٩٩٨ | کۆچی دوایی کەمال ئەسعەد چەرمەگا شاعیری کورد لەشاری هەولێر. |
| ٧ | ٢٥ی ئۆکتوبری ١٩٢٢ | بۆیەکەمین جار هەردوو وولاتی ئێران و تورکیە پەیمان دەبەستن بۆ لەناوبردنی سمکۆی شکاک. |
| ٨ | ٢٥ی ئۆکتوبری ١٩٩٨ | کۆچی دوایی سەبری بۆتانی شاعیری خەباتگێری کورد لە نورۆیژ. |
| ٩ | ٢٥ی ئۆکتۆبەری٢٠١٠ | پەردە لەسەر پەیکەری "نووسەرێک لە قەڵەم" بە دەست هونەرمەندی پەیکەرساز زیرەک میرە لە بەردەم دەروازەی کتێبخانەی گشتیی شاری سلێمانی لادرا. |
| ١٠ | ٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٠ | کۆچی دوایی پرۆفیسۆر دوکتور مارف خەزنەدار نووسەر و رووناکبیری گەورەی کورد لە شاری هەولێر. |
| ١١ | ٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٠ | دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق سزای لە سێدارەدانی بە سەر تاریق عەزێرو سێ کەس لە بەرپرسانی ریژێمی پێشووی عێراق سەپاند. |
| ١٢ | ٢٦ی ئۆکتوبری ١٩٦٦ | عەبدولرەحمان عارف سەرۆکی ئەوکاتی عێراق سەردانی کوردستان دەکات و چاوی دەکەوێت بە مەلا مستەفا بارزانی. |
| ١٣ | ٢٧ی ئۆکتوبری ١٩٢٠ | هەڵگیرسانی شۆرشەکەی ئیبراهیم خانی دەلۆ. |
| ١٤ | ٢٧ی ئۆکتوبری ١٩٩٣ | ساڵرۆژی دامەزراندنی پارتی کاری سەربەخۆ بەرێبەرایەتی وریا سەعید. |
| ١٥ | ٢٧ی ئۆکتوبری ١٩٤٥ | کۆچی دوایی زانای گەورەی کورد محەممەد موفتی. |
| ١٦ | ٢٧ی ئۆکتوبری ١٩٩٢ | کۆچی دوایی عەبدولمەجید لوتفی نووسەری چیرۆک نووسی گەوەرەی کورد لە شاری بەغدا. |
| ١٧ | ٢٧ی ئۆکتوبری ١٩٨٠ | شەهید کردنی ٥٣ کوردی بیدیفاعی گوندەکانی ئیندرقاش،وسووکەند و خانەقی بەدەست کۆماری ئیسلامی ئێران لە نزیک شاری مەهاباد. |
| ١٨ | ٢٨ی ئۆکتوبری ١٩٩٠ | کۆچی دوایی محەممەد سالح دیلان شاعیری نوێکار و مەقامزانی کورد. |
| ١٩ | ٢٨ی ئۆکتوبری ١٩٢٧ | هەڵگیرسانی شۆرشی ئاگری داخ لەلایەن ئیحسان نوری پاشا. |
| ٢٠ | ٢٩ی ئۆکیوبری ٢٠٠٦ | کۆچی دوایی ئەحمەد هەردی شاعیرو چالاکی سیاسی و سکرتێری پارتی سوسیالیستی کورد ( پاسۆک)لە شاری سلیمانی باشووری کوردستان. |
| ٢١ | ٢٩ی ئۆکتوبری ١٩٢٣ | مستەفا کەمال جمهوری تورکیە راگەتاند.لە دەسپێکدا ٧٥ کورد بۆ نوێنەرایەتیی پارلەمانی کۆمار دیاری دەکرێن و قسە لەجمهوری تورک و کورد دەکردرێ. |
| ٢٢ | ٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٨ | بەرێوەچوونی سێهەمین کۆریادی بەیت و حەیرانی کوردی بەبەشداری هونەرمەندانی ١٢ پارێزگای ئێران لە شاری سەردەشت. |
| ٢٣ | ٢٩ی ئۆکتۆبری ١٩٨٧ | کۆچی دوایی دوکتور جەعفەر شەفیعی چالاکوان و تێکۆشەری سیاسی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٢٤ | ٣٠ی ئۆکتۆبری ١٩٧١ | کۆچی دوایی د.تاهیر بەهجەتی نووسەری بە توانای کورد). |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٥ | ٣٠ی ئۆکتۆبری ١٩٨٣ | بە هۆی ڕوودانی بۆمەلەرزە لە ئەرزنجان باکووری کوردستان. ١.٣٣١ کوشتە و هەزاران بریندار لێ دەکەوێتەوە |
| ٢٦ | ٣١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٠ | کۆچی دوایی فەتانە وەلیدی ژنە گۆرانیبێژی بەناوبانگ و ڕچە شکێنی کورد و یەکێک لە یەکەمین ژنانی گۆرانی بێژی کورد بوو کە لە تەمەنی کورتی هونەریدا توانی ڕۆڵێکی مێژوویی لە هونەری مۆسیقای کوردیدا ببینێ.لە شاری سنە |
| ٢٧ | ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩٨٦ | شەهید کردنی عەبدولحەکیم ڕەزایی چالاکوان و تێکۆشەری سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە شەرێکی قارەمانانە لە ناوچەی سەرشیوی سەقز. |
| ٢٨ | ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩٩٢ | کردنەوەی زانکۆی دهۆک بەشێوەیەکی فەرمی. |
| ٢٩ | ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩٨٥ | کۆچی دوایی قەناتی کوردۆ مێژوو ناسی مەزنی کورد لە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو. |

## November - نوامبر

| | | |
|---|---|---|
| ٣٠ | ١ی نوامبری ٢٠٠٩ | دامەزرانی کانالی ئاسمانی کۆرەک تی ڤی لە باشووری کوردستان. |
| ٣١ | ١ی نوامبری ٢٠١٠ | یەکەمین کۆنگرەی ئەنجوومەنی ژنانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی(BDP)گەورەترین گۆنگرە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان. |
| ٣٢ | ٢ی نوامبری ١٩٨٦ | کۆچی دوایی ناسیح حەیدەری شاعیری لێهاتووی کورد لەشاری هەولێر. |
| ٣٣ | ٢ی نوامبری ١٩٥١ | بەشدار ڕەوشەن بەدرخان کەسایەتی تێکۆشەر لەکۆنگرەی ئەسینا، کە دژی ئیمپریالیزم ڕێکخرابوو. |
| ٣٤ | ٢ی نوامبری ١٩٩٣ | کۆچی دوایی عومەر عەبدولرەحیم نووسەری بە توانای چیرۆکی منداڵان. |
| ٣٥ | ٢ی نوامبری ٢٠١٠ | کۆچی دوایی حاجی دەهام میرۆ تێکۆشەر سیاسی و سکرتێری پێشووی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریە(پارتی). |
| ٣٦ | ٢ی نوامبری ٢٠١٠ | چل و هەشت کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردی ژێر دەسەڵاتی وڵاتی سوریە ڕەوانەی دادگای نیزامی ئەم وڵاتە کران. |
| ٣٧ | ٣ی نوامبری ٢٠١٠ | بەڕێوە چوونی فیستیڤاڵی کلتووری گەلان بەبەشداری ١٥ وڵات و چەندین گرۆپی کوردستانی و عێراقی لە شاری کەلار لە باشووری کوردستان. |
| ٣٨ | ٣ی نوامبری ٢٠١٠ | دامەزرانی فیدراسیونی زیندانیانی سیاسی کوردستان بەبەشداری نزیکەی ٦٠٠ زیندانی سیاسی و کەسایەتی چالاک لە بواری مافەکانی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە شاری کەرکووک. |
| ٣٩ | ٣ی نوامبری ٢٠٠٧ | دامەزرانی کۆمەڵگای یەکگرتووی کوردەکانی ئێران لە بریتانیا. |
| ٤٠ | ٣ی نوامبری ١٩٦٨ | کۆچی دوایی نەجمەددین مەلا ڕەسول شاعیری کورد ناسراو بە (ئاری). |
| ٤١ | ٤ی نوامبری ١٩١٣ | کردنەوەی یەکەم قوتابخانەی کوردی لەشاری وان، باکووری کوردستان. |
| ٤٢ | ٤ی نوامبری ١٩٩٧ | کۆچی دوایی خدر عەبباسیی(مەلاخدر) تێکۆشەری سیاسی بەرپرسی یەکەمی ڕێکخراوی خەباتی کوردستانی ئێران لە ئۆسلۆی نۆروێژ. |
| ٤٣ | ٤ی نوامبری ١٩٨٠ | هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی پەلاماری درندانەی گوندەکانی ئیندرقاش و وسووکەدییان دا و ٥٢ کەسیان لەژن و منداڵ و پیرو لاو شەهید کرد. |
| ٤٤ | ٤ی نوامبری ٢٠١١ | شەشەمین ڤستیڤاڵی نەتەوەیی فلکلۆری بەیت و حەیرانی ٢٥ پارێزگای ئێران لە شاری سەردەشت. |
| ٤٥ | ٥ی نوامبری ٢٠٠٦ | دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق سزای لە سێدارەدانی سەدام حوسێن و هەندی لە تاوانبارانی تری بەعسی دا سەپاند. |
| ٤٦ | ٥ی نوامبری ١٩٨٤ | کۆچی دوایی مامۆستا تاهیر سادەق نووسەری لێهاتوو و دانەری پەرتووکی "ڕێنووس"ی زمانی کوردی لە شاری سلێمانی. |
| ٤٧ | ٥ی نوامبری ٢٠١٠ | دامەزرانی ڕێکخراوی زاگرۆس ناوەند بۆ دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ژمارەیەک لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە سویس. |
| ٤٨ | ٧ی نوامبری ٢٠١٠ | کۆچی دوایی بەختیار سیا مەنسووری هونەرمەندی دەرهێنەری بە توانای کورد لە وڵاتی ئاڵمان.لەشاری هەولێر بە خاک سپێردرا. |
| ٤٩ | ٨ی نوامبری ١٩٨٦ | کۆچی دوایی شەماڵ جەلال سائیب گۆرانیبێژی نوێکەرەوەی هونەری گۆرانی کوردی لە شاری هەولێر. |
| ٥٠ | ٨ی نوامبری ١٩٩٤ | ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی ویفاقی دیموکراتی کوردستانی سووریە. |
| ٥١ | ٩ی نوامبری ٢٠٠٥ | دامەزرانی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک (DTP) لە باکووری کوردستان. |
| ٥٢ | ٩ی نوامبری ١٩٠٨ | چاپ و بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کورد لەشاری ئەستەمبوڵ لەلایەن تۆفیق وەهبی. |
| ٥٣ | ٩ی نوامبری ٢٠١١ | کۆچی دوایی دوکتور عیسمەت شەریف وانلی کەسایەتی سیاسی و نووسەری دیاری کورد لە شاری ژنێف پێتەختی سوئیس. |
| ٥٤ | ١٠ی نوامبری ١٨٨٠ | هێزەکانی کورد لەقۆڵی موکریان بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر و هەمزە ئاغای مەنگور لەشەر لەگەڵ دوژمن بەتێکشکاوی بەرەو شنۆ و مەرگەوەر پاشەکشەیان پێکردن. |
| ٥٥ | ١٠ی نوامبری ٢٠٠٩ | بەڕێوە چوونی سێزدەهەمین فیستێڤاڵی گەلاوێژ بەبەشداری کەسایەتی بەناوبانگ و ڕووشنبیرو هونەرمەند لە شاری سلێمانی. |
| ٦٩ | ١٠ی نوامبری ١٩٤٨ | کۆچی دوایی زێوەر (عەبدوڵا کوڕی محەمەد ئەفەندییە)، مامۆستای قوتابخانەی زانستی، نیشتمانپەروەر و شاعیری کورد لە شاری سلێمانی. |
| ٧٠ | ١٠ی نوامبری ٢٠١٠ | بەڕێوەچوونی ١٤ هەمین فیستێڤاڵی گەلاوێژ بەناوی نووسەری ناوداری کورد پرۆفیسۆر دوکتور مارف خەزنەدار لەشاری سلێمانی |
| ٧١ | ١١ی نوامبری ٢٠١٠ | کۆچی داویی سامی شۆرش نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کورد لە عێراق لە شاری هەولێر. |
| ٧٢ | ١١ی نوامبری ٢٠١٠ | جەلال تاڵەبانی لە لایەن پارلەمانی نیشتمانی عێراق بۆ دووهەمین جار بە سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ هەڵبژێردرا. |
| ٧٣ | ١٢ی نوامبری ١٩٣٦ | کۆچی دوایی ئەحمەد فەتاح بەگ ساحێب قران ناسراو بە(حەمدی )یەکێک لەشاعیرە هەرە بەناوبانگەکانی گەلی کورد . |
| ٧٤ | ١٥ی نوامبری ٢٠١٠ | سپاس نامەی خەڵاتی نەخشەکێشی بۆ لەش ساخی لە لایەن دامەزراوەی مێعمارەکانی ئەمریکا(A.I.A)لە لایەن بەرپرسی ئاکادیمی ئەمریکا پێشکەش بە پرۆفسور ئالان دیلان کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا. |

سەرچاوە Serchawe

یەکبوون
United Kurdistan
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

| | | |
|---|---|---|
| ۷۵ | ١٥ی نوامبری ٢٠١٠ | بەڕێوەچوونی پێنجەمین کۆڕیادی بەیت و حەیرانی کوردی بەبەشداری هونەرمەندانی١٤ پارێزگای ئێران لە شاری سەردەشت. |
| ۷۶ | ١٥ی نوامبری ٢٠١٠ | سالار کەمانگەر کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە بەرپرسی گشتی ماڵپەری یۆتۆب(youtube)و ناوی لەڕیزی سەرکەوتوانی جیهان تۆمار کرا. |
| ۷۷ | ١٦ی نوامبری ١٩٨٤ | شەری نێوخۆیی سەرانسەری نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە. |
| ۷۸ | ١٦ی نوامبری ٢٠٠٩ | بەرێوە چوونی چوارەمین کۆریادی بەیت و حەیرانی کوردی بەبەشداری هونەرمەندانی چەندین پارێزگای ئێران لە شاری سەردەشت. |
| ۷۹ | ١٦ی نوامبری ٢٠٠٠ | کۆچی دوایی ئەحمەد کایە هونەرمەندی گۆرانیبێژی کوردی باکووری کوردستان لە شاری پاریس. |
| ۸۰ | ١٦ی نوامبری ١٩٢٢ | بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی رۆژی کوردستان زمانحاڵی حکوومەتەکەی شێخ مەحمود لەشاری سلێمانی. |
| ۸۱ | ١٧ی نوامبری ١٩٤٢ | کۆچی دوایی شاعیری کورد محەممەد شەریف میهری. |
| ۸۲ | ١٧ی نوامبری ١٩٧٢ | پێک هاتنی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتی نووسەرانی کورد لەشاری بەغدا. |
| ۸۳ | ١٧ی نوامبری ٢٠١٠ | حەوتەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کورد بەبەشداری رۆشنبیران،نووسەران و کەسایەتە ناسراوەکانی کوردو جیهان لە پارڵەمانی ئۆرۆپا لە شاری برۆکسل. |
| ۸۴ | ١٧ی نوامبری ١٩٧٩ | پەیامی خومەینی بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی کوردستان. ئەو پەیامە بە مانای تێک شکانی هێزە سەرکوت کەرەکانی خۆی لە کوردستان و کۆتایی شەری سێ مانگە، کە بوو بە هۆی وتووێژێکی درێژخایانی بێ ئاکام. |
| ۸۵ | ١٧ی نوامبری ٢٠١٠ | کۆچی دوایی تەها خەلیل هونەرمەندی ناودار و گەورەی بواری شانۆ و درامای تەلەفیزیون لە شاری سلیمانی. |
| ۸۶ | ١٧ی نوامبری ٢٠٠٤ | کۆچی دوایی پیربال مەحموود ئیبراهیم شاعیری رۆمانسی بە توانای کورد لە شاری هەولێر. |
| ۸۷ | ١٨ی نوامبری ١٩٩٩ | بەفەرمی بەکارهێنانی پوول (تەمری پۆستی )حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دام و دەزگاکان. |
| ۸۸ | ١٨ی نوامبری ١٩٦٧ | دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری خەباتی قوتابیان. |
| ۸۹ | ١٨ی نوامبری ١٩٦٢ | کۆچی دوایی مامۆستا گۆران شاعیری ناوداری شیعری نوێ کوردی لە شاری سلێمانی. |
| ۹۰ | ١٨ی نوامبری ١٩٣٧ | لە سێدارەدانی سەید رەزا دەرسیمی تێکۆشەری سیاسی و رێبەری راپەرێنی خەڵکی دەرسیم بە دەست حکوومەتی تورکیە. |
| ۹۱ | ١٨ی نوامبری ٢٠٠١ | تیرۆری سەید خەلیل عالی نەژاد یەکێک لەگەورە هونەرمەندانی تەمبورژەنی کورد سەر بەئایینی یارسان لەشاری یۆتۆبۆری وڵاتی سوئید. |
| ۹۲ | ١٩ی نوامبری ١٩٨٨ | کۆچی دوایی میرحاج ئەحمەد تاهیرئاکرەیی ئەفسەری نیشتمانپەروەر و خەباتگێر لە شاری بەغدا. |
| ۹۳ | ١٩ی نوامبری ٢٠١٠ | بەرێوە چوونی نۆهەمین فیستیڤاڵی شانۆی کوردی سەقز لە رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ۹۴ | ١٩ی نوامبری ٢٠١٠ | موحسین شادی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان میدالی زیری لە فیناڵی تاکەکەسی بەلەم لێخورینی یارییەکانی ئاسیای بردەوە. |
| ۹۵ | ٢٠ی نوامبری ٢٠٠٧ | بەرێوەچوونی ١١ هەمین فیستێڤاڵی گەلاوێژ بە ئامادە بوونی نێچیروان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان لە شاری سلێمانی. |
| ۹۶ | ٢٠ی نوامبری ١٩٣٧ | لە سێدارە دانی مەحمود جەودەت نوسەر و وەرگیری دیاری سەردەمی خۆی زۆر نووسینی لەفەرەنسییەوە وەرگێراوەتەوە سەر زمانی کوردی لە شاری سلێمانی . |
| ۹۷ | ٢٠ی نوامبری ٢٠٠٨ | بەرێوەچوونی ١٢ هەمین فیستێڤاڵی گەلاوێژ لە ژێر چاوەدێری مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ لە شاری سلێمانی. |

## پاشماویەی کورتە مێژووی شاری سلێمانی : لاپەرەی ١٢

باخی فەرەجی حەمە مراد لە دەرگەزێن نزیک بە کارێزی دایکی پاشا دە دۆنم زەوی بوو. بەموڵک هی (عەزمی بەگی بابان) بوو، لە هاوینا تەنیا ئەو باخە هەبوو کەبەتەنیشت ماڵی عەزمی بەگ خۆیەوە بوو،خەڵکی شار پۆل پۆل بۆی ئەهاتن. ئێستا شوێنەکەی قوتابخانەو خانووە.

باخی مەجید بەگ: لە باکوری شاری سلێمانی. شوێنی بینای زانکۆی سلێمانی و نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن و گشتییە.

باخی کانی دۆمان لە خوار گەرەکی سەرشەقامەوە بوو

باخی گەورەو بۆگەنە: ئەمیش هەر موڵکی (عەزمی بەگی بابان) بوو لە خوار شاری سلێمانیەوە

باخچەی گشتی: لە راستیدا هەر ئەم شوێنە بوو کە بە تەواوی پێی بوترێ (باخچە) . ئەکەوێتە رۆژ ئاوای سلێمانی نزیک (سەنتەری پارێزگای سلێمانی). یەکەم باخچەی میریی یە و کاتێک کە مجید یەعقوبی لە ساڵەکانی (١٩٣٧-١٩٣٩) موتەسەریفی سلێمانی بوو دروستی کرد کە ئەوسا ئەوپەری شار بوو، واتا هیچ خانوو بینا لەو لایەوە نەبوو.بێگومان ئەم باخچەیە بۆ رازاندنەوەی شارەکە و گەشت و جوانی سەردانی ژن و پیاو رۆژانی (چوار شەممە تایبەت بوو بۆ ژنان) بە عەباو پەچەوە ئەهاتن بەداخەوە بەهۆی نالەباری ئاسایشەوە زۆر دەستکاری کراو زۆری لێ کەمکرایەوە و دارەکانی ئەبڕران، بەلام ئێستا گەشاوەتەوە.

-شارەوانی سلێمانی لەم سالانەی دواییەدا (فەرمانگەیباخچەکانی)بە تایبەت پێک هێنا بۆ دروستکردنی باخچە لە ناوشارا. ئەو فەرمانگەیەش ژمارەیەکی زۆری باخچەی دروست کردوە سەرپەرشتیان ئەکات لە ژوور هەموویانەوە (پارکی ئازادی) کە لەوە پێش لەشکرگای حوکمەت بوو (حامییە) بوو. ئەکەوێتە بەشی ژووروو شار. ژمارەیەکی زۆری تر باخچەی بچوک هەن لە ناو شارەکە کە هەموو رازاوە و جوان و رێک و پێکن هەندێکیان بە ناوی ئەو کەسانەی بیانی و خۆییەوە ناونراونکە خزمەتیان پێشکەش کردوە.وەک (باخچەی ئولف پالما) سەرەک وەزیرانی سوید کە بەدەستی ناحەز شەهید کرا و(باخچەی جەواهری) کە بەناوی شاعیری گەورەی عەرەب محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری دۆستی دێرینی کورد و باخچەی (فەرەیدون علی ئەمین) و گەلێکی تر.

سەرچاوە
Serchawe


نا بۆ توندوتیژی دژی ژنان
STOP
VIOLENCE
AGAINST
WOMEN
LOVE
٢٥ی نوامبری
بەڵێ
بۆ خۆشەویستی و ژیان
رەحمان نەقشی